# ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەولەتیەکانی نەوت و گاز: کەیسی دانا گاز و هاوبەشەکانی وەك نموونە

م. رضوان شریف صالح نازناوی زانستی: مامۆستا – فاکەڵتی یاسا و پەیوەندیە نێودەولەتییەکان/ زانکۆی سۆران
م. محسن شریف صالح نازناوی زانستی: مامۆستا – فاکەڵتی یاسا و پەیوەندیە نێودەولەتییەکان/ زانکۆی سۆران

doi:10.23918/ilic2019.02

کۆمپانیا نێودەولەتیەکانی نەوت و گاز بەردەوام لە هەولی گرێدانی گرێبەستن بە تایبەنی لەو ولاتانەی کە دەولەمەندن بە سامانە سروشتییەکان. هەرێمی کوردستانی عێراقیش بە یەکێک لە گەورەترێن ناوچەکانی خاوەن نەوت و گاز دادەنرێت کە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای نەوت و گاز وەبەرهێنانیان تێدا ئەنجامداوە. گرێبەستەکانی کەرتی پترۆل بەوە ناسراون کە ماوە درێژن ولەوانەیە زیاتر لە ٣٠ ساڵ بخایەنن و لە هەندێک وڵاتان بۆ ماوەی زیاتر لە ٦٠ یان ٧٠ ساڵ گرێبەست واژووکراوە. بێگومان لەم ماوە درێژەدا پێویستە گرێمانەی روودانی ناکۆکی هەمەجۆر بکرێت و بیر لە ئامراز و رێگاکانی چارەسەرکردنیشیان بکرێت و لەناو گرێبەستەکاندا بە باشی جێگیربکرێت.
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەست نیشانکردنی باشترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نەوت و گاز. هەروەها دیاری کردنی کەم و کورتییەکانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستە نەوت و گازییەکانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و چۆنیەتی ئامادەکردنی بەندێکی تەواو و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە گرێبەستەکانی پترۆل. سەرەرای نهێنایەتی لە پرۆسەی ناوبژیوانی، ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە خستنە رووی وردەکارییەکانی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانی دانا گاز و هاوبەشەکانی و چۆنیەتی چارەسەرکردنیەتی تاوەکو بۆ داهاتوو سوود لە کەم و کورتییەکان وەربگیرێت .
بە درێژایی ئەم توێژینەوەیە هەول دراوە کە وەلامی کومەلێک پرسیاری گرنگ بدرێتەوە، لە وانەش:

١. رێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە کەرتی نەوت و گازدا کامانەن؟ و گونجاوترین و باوترین رێگا کامیانە؟
٢. چۆن بەندێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز ئامادە دەکرێت؟
٣. یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستە نەوت و گازییەکانی چۆن چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان رێک خستووە ؟ گرنگترین کەم و کورتییەکانیان چین؟
٤. ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانی دانا گاز و هاوبەشەکانی سەبارەت بەچی بوو؟ و چۆن چارەسەر کرا؟

ووشە سەرەکیەکان: هەرێمی کوردستانی عێراق، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، گرێبەستی نموونەیی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان، دانا گاز و هاوبەشەکانی (کرێسێنت پترۆلیۆم)، چارەسەرکردنی ناکۆکی، ناوبژیوانی.

## پێشەکی

**هەرێمی کوردستانی بە یەکێك لە گەورەترین ناوچەکانی خاوەن نەوت و گاز دادەنرێت کە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای نەوت و گاز وەبەرهێنانیان تیایدا ئەنجامداوە. تا مانگی ٤ی ساڵی ٢٠١٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان ٥٧ گرێبەستی بەشداری کردنی بەرهەمهێنانی لەگەل کۆمپانیاکانی گەورە و بچووکی نەوت و گازدا واژوو کردووە. گرێبەستەکانی کەرتی پترۆل بەوە ناسراون کە ماوە درێژن و لەوانەیە زیاتر لە ٣٠ ساڵ بخایەنن. بێگومان لەم ماوە درێژەدا پێویستە گرێمانەی روودانی ناکۆکی هەمەجۆر بکرێت و بیر لە ئامراز و رێگاکانی چارەسەرکردنیشیان بکرێت و لەناو گرێبەستەکاندا بە باشی جێگیربکرێن. هەرێمی کوردستانیش وەکو هەر شوێنێکی تر بێگومان بە دوور نابێت لە ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت و گاز، بەلگەش بۆ ئەمە ئەو ناکۆکیانە بوون کە لەگەل کۆمپانیای دانا گاز و هاوبەشەکانی درووست بوون و بۆ چارەسەرکردنیشیان پەنا بردرایە بەر دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی.**

## گرنگی توێژینەوە

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەودایە کە روونکردنەوەی پێویست سەبارەت بە جۆرەکانی ناکۆکی و رێگاکانی چارەسەرکردنیان لە کەرتی نەوت و گازدا دەخاتە روو. شیکردنەوەی پێویستی بۆ یاسا و گرێبەستەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بە رێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە هەمەجۆرەکان. زانیاری بەسوود دەدات بەو زانستخوازانەی کە بەدوای زانیارین سەبارەت بە ناکۆکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانی دانا گاز و هاوبەشەکانی و چۆنیەتی کۆتایی پێهێنانیان.**

## ئامانجی توێژینەوە

**ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەست نیشانکردنی باشترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نەوت و گاز. هەروەها دیاری کردنی کەم و کورتییەکانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستە نەوت و گازییەکانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی**

ناکۆکییەکان و چۆنیەتی ئامادەکردنی بەندێکی تەواو و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە گرێبەستەکانی پترۆل. هەروەها سەرەرای نهێنایەتی لە پرۆسەی ناوبژیوانی، ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە خستنە رووی ووردەکارییەکانی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانی دانا گاز و هاوبەشەکانی و چۆنیەتی چارەسەرکردنیەتی تاوەکو بۆ داهاتوو سوود لە کەم و کورتییەکان وەربگیرێت.

## پرسیارەکانی توێژینەوە

بە درێژایی ئەم توێژینەوەیە هەول دراوە کە وەلامی کومەلێك پرسیاری گرنگ بدرێتەوە، لە وانەش:

١. رێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە کەرتی نەوت و گازدا کامانەن؟ و گونجاوترین و باوترین رێگا کامیانە؟
٢. چۆن بەندێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز ئامادە دەکرێت؟
٣. یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستە نەوت و گازییەکانی چۆن چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان رێك خستووە ؟ گرنگترین کەم و کورتییەکانیان چین؟
٤. ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانی دانا گاز و هاوبەشەکانی سەبارەت بەچی بوو؟ و چۆن چارەسەر کرا؟

## میتۆدی توێژینەوە

ئەم تویژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە میتۆدی شیکاری بەستووە کەهەلدەستیت بە شیکردنەوەی یاسا و گرێبەستی نموونەیی هەرێمی کوردستان و شیکردنەوەی چەندین سەرچاوە و زانیاری تر. هەروەها پشتی بە میتۆدی بەراوردکاری بەستووە کە بەراوردی ژمارەیەك لە گرێبەستە نێودەولەتییەکانی بەشداری کردنی بەرهەمهێنانی چەندین دەولەتی کردووە لەگەل گرێبەستەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بەندی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان.

## ئاستەنگەکانی تویژینەوە

بە شیوەیەکی گشتی لە ئەنجامدانی هەر تویژینەوەیەك و کاری زانستی کومەلی ئاستەنگ روبەروی تویژەرەکان دەبیتەوە کە ئەمەش تایبەتە بە جوری تویژینەوەکە ئەو تویژینەوەیەش بەدەر نەبووە لەم ئاستەنگانە. لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەش بابەتی نهێنایەتی پرۆسەی ناوبژیوانی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانی دانا گاز و هاوبەشەکانی بووە کە دوای هەولی زۆری توێژەر چ بە رێگای پەیوەندی راستەخۆ یان لە رێگای ئیمێل، هێچ یەك لە وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای دانا گاز و دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێو دەولەتی ئامادە نەبوون هیچ زانیارییەك سەبارەت بە کەیسەکە ببەخشن بە بیانۆی نهێنی بوونی کەیسەکە.

## پلانی تویژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت. لە بەشی یەکەم دا لە چوارچێوەی چەند باس و تەوەرێکدا چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نەوت و گازییەکان دەخاتەروو، کە لەسەرەتادا پێناسەی ناکۆکی دەکات و جۆرەکانی ناکۆکییەکان دیاری دەکات دواتر رێگاکانی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە باس دەکات. بەشی دووەمیش بە هەمان شێوە لە دوو باسی جیاواز دا باس لە رێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەکات بە پێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستەکانی بەشداری کردنی بەرهەمهێنانی هەرێمی کۆردستان، لە باسی دووەمی ئەم بەشەشدا ناکۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای دانا گاز و هاوبەشەکانی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەخاتەروو. لە کۆتایی توێژینەوەشدا کۆمەلێك دەرئەنجام و پێشنیار خراونەتە روو.

## بەشی یەکەم: ناکۆکییە نەوت و گازییەکان و رێگاکانی چارەسەرکردنیان

ئەم بەشە لە دوو باسی سەرەکی پێك دێت کە لە باسی یەکەم دا باس لە ناکۆکییە نەوت و گازییەکان دەکرێت و لەباسی دووەم دا رێگاکانی یاخود رێکارەکانی چارەسەری بۆ ناکۆکییە نەوت و گازییەکان دەخرێتە روو. باسی یەکەم: پێناسەی ناکۆکییە نەوت و گازییەکان و جۆرەکانی ناکۆکی لە چالاکییەکانی نەوت و گازدا پێش ئەوەی باوترین جۆرەکانی ناکۆکی لە چالاکییەکانی نەت و گازدا دیاری بکرێن، پێناسەی ناکۆکی لە رووی زمانەوانی و زاراوەیی دەخرێتە روو.

## تەوەری یەکەم

## پێناسەی ناکۆکییە نەوت و گازییەکان

لە فەرهەنگەکاندا پێناسەی جیاواز بۆ ناکۆکی کراون کە زۆربەیان لە روالەتدا جیاواز بەلام لە ناوەرۆکدا لێك نزیکن. دتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ناکۆکی بریتیە لە پێك نەهاتن، نەگونجان یان دەمەقالێ[1]. یان بریتیەلە دژایەتی یان نەگونجان لە نێوان دوو پێگە[٢]. فەرهەنگێکی یاسایی بەم شێوەیە پێناسەی ناکۆکی دەکات کە بریتیە لە نەگونجان یان دەمەقالێ و ململانێ[٣]. فەرهەنگێکی یاسایی بەم شێوەیە پێناسەی ناکۆکی دەکات کە بریتیە لە نەگونجان یان دەمەقالێ و ململانێ. لە فەرهەنگێکی تری یاسایی دا هاتووە (ناکۆکی بریتیە لە ململانێ یان کێشەیەك: ململانێ لە داواکاریەکان یان مافەکان: سووربوون لەسەر مافێك یان داواکارییەك لە لایان یەکێك لە لایەنەکان کە رووبەرووی داواکاری پێچەوانەی لایەنەکەی تر دەبێتەوە)[٤].

لە رووی  زاراوەیی چەندین پێناسەی جیاواز بۆ ناکۆکی کراون. دادگای دادی نێودەولەتی لە یەکێك لە کەیسەکاندا بەم جۆرە پێناسەی ناکۆکی کردووە کە بریتیە لە بارودۆخێك کە تیایدا هەر دوو لایەن تێروانی پێچەوانەی یەکتریان هەیە سەبارەت بە جێبەجێ کردن یان جێبەجێ نەکردنی یەکێك یان هەندێك لە ئەرکەکانی گرێبەستی نێوانیان[٥]. هەروەها پێناسەی ناکۆکی کراوە بەوەی کە بریتیە لە نەگونجان لەسەر بابەتێکی یاسایی یان لەسەر حقیقەتێك، و ململانی لە تێروانینەکانی یاسا یان لە بەرژەوەندییەکانی دوو کەس[٦]. پێناسەیەکەی دیاریکراو بۆ ناکۆکی تایبەت بە کەرتی نەوت و گاز نەکراوە بەلام لە ئەنجامی پێناسەکانی سەرەوە دەتوانرێت بگوترێت کە ناکۆکی لە کەرتی نەوت و گاز دا بریتیە لە هەر نەگونجان یان کێشە یان ململانێیەك لە هەر جۆر یان شێوەیەك بێ، جا لەسەر بنەمای گرێبەست، کاری نارەوا، یاسا، رێنماییەکان یان هەر شتێکی تر بێت کە سەرهەلدەدات لە گرێبەستێکی نەوت و گاز یان پەیوەندیدار بێت بەم گرێبەستەوە یان چالاکیەکانی ئەم گرێبەستەوە، و هەر کێشەیەکی تر لەخو دەگرێت کە پەیوەندی بە هەبوون، یاسایی بوون، راڤەکردن، جێبەجێکردن، سەرپێچی کردن و هەلوەشاندنەوەی ئەم گرێبەستەوە هەبێت.

## تەوەری دووەم

## جۆرەکانی ناکۆکی لە چالاکییەکانی نەوت و گازدا

بە شێوەیەکی سەرەکی چوار جۆری ناکۆکی لە کەرتی نەوت و گازدا بوونی هەیە، ئەوانیش بریتین لە[٧]:

یەکەم: ناکۆکییەکانی دەولەت بەرامبەر دەولەت کە ئەم ناکۆکییانە بە شێوەیەکی سەرەکی ناکۆکی سنوورین کە پەیوەستن بەو کێلگە نەوت و گازیانەی کە بە سنوورەکانی نێودەولەتی دا درێژ دەبنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەکەونە ئاوی دەریایەکانەوە. دەکرێت بە شێوەیەکی ووردتر بگووترێت کە ئەم جۆرە ناکۆکییانە تەنها حکومەتەکان لە خۆ دەگرێت چونکە تەنها ئەوان دەتوانن داواکاری سەروەری بەرز بکەنەوە و چارەسەری کێشە سنووریەکان لەگەل دراوسێیەکانیان بکەن. هەرچەندە ئەم جۆرە ناکۆکییانە کۆمپانیایەکانی نەوت و گازیش لە خۆ دەگرن بەلام بە شێوەیەکی ناراستەخۆ کە هەندێك جار دەولەتانی تازە پێگەشتوو داوا لە کۆمپانیایەکان دەکەن کە تێچووی ناکۆکییەکان بدن و داتا و شارەزای یاسایی دابین بکەن تاوەکو یارمەتی دەر بن لە چارەسەرکردنی ناکۆکیە سنووریەکاندا.

دووەم: ناکۆکییەکانی کۆمپانیا بەرامبەر دەولەت کە زۆربەی جار ناو دەبردرێت بە ناکۆکی وەبەرهێنەر– دەولەت یان ناکۆکی وەبەرهێنانی دەولەت. ئەم جۆرە ناکۆکییانە کاتێك سەرهەلدەدەن کە حکومەت بە شێوەیەکی بەرچاو هەلدەستێت بە گۆرینی بەندەکانی مامڵەی رەسەن یان هەلدەستێت بە خۆمالی کردن یان نیشتیمانی کردن یاخود لێسەندەوەی خاوەنداریەتی لە وەبەرهێناندا. لێرەدا وەبەرهێنەر کە

---

(1) English Oxford Living Dictionaries, 'dispute' <https://en.oxforddictionaries.com/definition/dispute> accessed 22 October 2018.

(٢) د.بشار عدنان ملكاوي، معجم تعريف مصطلحات القانون الخاص، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر، الأردن، عمان، ٢٠٠٨، ص ٢١

(3) A H Blackwell, *The Essential Law Dictionary* (1st edn Sphinx Publishing, An imprint of sourcebooks, Inc.,

(4) H C Black, *Black's Law Dictionary* (4th edn West Publishing Company, 1968) p.558.

(5) The International Court of Justice quoted in C Schreuer, What is a Legal Dispute? < http://www.univie.ac.at/intlaw/wordpress/pdf/95.pdf> accessed 22 October 2018.

(6) Mavrommatis Palestine Concessions (Greece v. Great Britain), Judgment of 30 August 1924, 1924 PCIJ (Ser. A) No. 2, at 11, quoted in C Schreuer, What is a Legal Dispute? < http://www.univie.ac.at/intlaw/wordpress/pdf/95.pdf> accessed 22 October 2018.

(7) A T Martin, 'Dispute resolution in the international energy sector: an overview' (2011) 4 (4) Journal of World Energy Law and Business 332-368.

کۆمپانیایەکی نەوت و گازە دەتوانێت داواکەی لەسەر بنەمای گرێبەستە وەبەرهێنانەکەی بەرز بکاتەوە. کۆمپانیایەکان پێویستە لە کاتی وەبەرهێناندا گفتوگۆ لە گەل دەولەتە مێواندارەکان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە وەبەرهێنانیان بکەن و دەستپێگەیشتنیان هەبێت بە سەنتەرەکانی نێودەولەتی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان ئەمەش لە رێگای دانانی بەندی تایبەت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ناو گرێبەستە نەوت و گازییەکاندا.

سێیەم: ناکۆکییەکانی کۆمپانیا بەرامبەر کۆمپانیا، ئەم جۆرە ناکۆکییانە بەشی زۆری ناکۆکی نێوان کۆمپانیایەکانی نەوت و گاز لەخۆ دەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی ناسراون بە ناکۆکییەکانی بازرگانی نێودەولەتی. ئەم جۆرە ناکۆکییەکانە دابەشی دوو جۆری لاوەکی دەبن: أ. ئەو ناکۆکییانەی کە دروست دەبن لە بەینی بەشداربووانی سەرمایەی هاوبەش (joint venture participant) لە گرێبەستەکاندا وەکو گرێبەستەکانی کارکردنی هاوبەش، گرێبەستەکانی یەکگرتن، گرێبەستەکانی کرین و فرۆشتن و گرێبەستەکانی نهێنییایەتی. ب. ئەو ناکۆکییانەی کە دروست دەبن لە بەینی سەرکارەکان[1] و لایەنەکانی گرێبەستی خزمەتگوزاری وەکو گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری بیرلێدان و هەڵکەندن، گرێبەستەکانی تیشك و لەرەلەر بۆ پرۆسەی بەدواداگەران، گرێبەستەکانی بنیادنان، گرێبەستەکانی ئامێر و پێداویستییەکان و گرێبەستەکانی گواستنەوە و پرۆسەکانی تر.

چوارەم: ناکۆکییەکانی تاکەکان بەرامبەر کۆمپانیا کە لە چەندین باردا تاکەکان دەتوانن داوا لە دژی کۆمپانیایەکانی نەوت و گاز بەرز بکەنەوە بۆ نموونە کاتێك تاك زیانی بەردەکەوێت دەتوانێت لەسەر بنەمای بەرپرسیاریەتی لە کاری نارەوا داوا بەرز بکاتەوە، هەروەها کاتێك ناکۆکی سەرهەلدەدات بەهۆی بوونی مافێك یان بەرژەوەندیێك لە دژی کۆمپانیایەکی نەوت و گاز.

## باسی دووەم

## رێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت و گاز

کۆمەلێك رێگا هەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە کەرتی نەوت و گازدا کە لایەنەکان دەتوانن لە گرێبەستە نەوت و گازییەکانیاندا جێگیریان بکەن و پەنایان بۆ ببەن لە کاتی سەرهەلدانی ناکۆکی و دەکرێت یەکێك لەوانە یان زیاتر لە گرێبەستدا بەکار بهێنرێت. لەم باسەدا بە شێوەیەکی گشتی رێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نەوت و گازییەکان لە پێنج تەوەری جیاوازدا باس دەکرێن، بەم شێوەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم

### گفتوگۆکردن

بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆکردن بە باوترین و سەرەکیترین رێگای چارەسەرکردنی ناکۆکی لە کەرتی نەوت و گازدا دادەنرێت. گفتوگۆکردن رێگایەکی نافەرمی ترە لەچاو رێگاکانی تر و زیاتر کاتێك پەنای بۆ دەبردرێت کە چارەسەرکردنی ناکۆکی بۆ هەردوو لایەن وەك یەك گرنگ بێت. گرنگترین لایەنە باشەکانی گفتوگۆکردن ئەوەیە کە ناکۆکییەکان لە ژێر کۆنترۆلی لایەنەکان دەمێننەوە، کات و تێچووی کەمتری پێویستە بۆ بەرێوەبردن و نهێنیایەتی لە پرۆسەکە دا هەیە. بە شێوەیەکی گشتی، گفتوگۆکردن پابەندبوونی تێدا نیە مەگەر لە گرێبەستدا لایەنەکان رێك کەوتبن لەسەر پێچەوانەی ئەمە[2]. لەوانەیە لە ناو گرێبەست دا بەندێك تایبەت کرا بێت بە گفتوگۆکردن و لەوانەشە ئەم بەندە وجودی نەبێت و دەشکرێت وەکو بەشێك لە کۆمەلە هەنگاوێکی پرۆسەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دابنرێت. ئەگەر بە شێوەی کۆمەلە هەنگاوێك بوو، پێوستە لە گرێبەستەکەدا بە تەواوی دیاری بکرێت کە لە چ کاتێکدا هەر هەنگاوێك کۆتایی دێت. ناکرێت ئەم رێگایە تاکە رێگا چارەسەری بیت کە پشتی پێ ببەسترێت لەبەر ئەوەی لەوانەیە لایەنەکان لە کاتی گفتوگۆکردن دا نەگەیشتنە چارەسەری ناکۆکیەکە[3].

### تەوەری دووەم

### نێوانگیری

نێوانگیری بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەکاردەهێنرێت لە رێگای کەسی سێیەم کە ناو دەبردرێت بە نێوانگیر کە بێ لایەنە لە پرۆسەکە. ئەنجامەکانی نێوانگیری هێزی جێبەجێ کردنیان نیە بۆیە هەر بریارێك کە نێوانگیر دەری دەکات، لایەنەکان پابەند نین پێیەوە. نێوانگیر پێشنیار پێشکەش دەکات و پەسەند کردن یان رەد کردنەوەی بۆ لایەنەکانی ناکۆکی بەجێ هێلدراوە. نێوانگیر لە چوار قۆناغدا یارمەتی لایەنە ناکۆکەکان دەدات بۆ گەیشتن بە بریارێك ئەوانیش: هێنانی لایەنە ناکۆکییەکان بۆ سەر مێز بەمەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ، یارمەتی

(١) سەرکار واتا کەسی رێپێدراو یان هەر کەسێکی دیکە لە مۆلەتەکەدا ناوی هاتبێت بۆ ئەوەی پرۆسەکانی نەوت برێوە ببات. (مادەی یەکەم، برگەی (٣٥) لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧.

(2) M Alramahi, 'Dispute Resolution in Oil and Gas Contracts' (2011) 3International Energy Law Review, 78-85.

(3) Martin, loc. cit.

دان لە پرۆسەی گفتوگۆکردن، دابین کردنی پشتگیری بێ لایەنی پەیوەندیدار بە ناکۆکیەکە بۆ لایەنەکان، و دواتر ئامادەکردنی پێشنیاراتی گونجاو[١]. نێوانگیری دەرفەتی ئەوە پێشکەش بە لایەنەکان دەکات کە جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن لەسەر بنەمای پێکهاتنێکی دوولایەنە.[٢] لە گرنگترین لایەنە باشەکانی نێوانگیری ئەوەیە کە کاتێکی کەمی پێویستە بۆ پرۆسەکە و تێچوویەکی کەمتری دەوێت و سەرەرای بوونی نهێنایەتی لە پرۆسەکەدا، جۆرە نەرمییەتی و خۆ گونجاندنێك تیایدا هەیە سەبارەت بە کۆنترۆڵی لایەنەکانی کێشە لەسەر پرۆسەکەو و ئەنجامەکانیشی[٣]. یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی نێوانگیری بریتیە لە دۆزینەوەی نێوانگیرێکی گۆنجاو وشارەزا بۆ ناکۆکییەکانی نەوت و گاز کە ژمارەی ئەو نێوانگیرانەی کە ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە زۆر کەمن کە ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی سەرەکی لە بەردەم پرۆسەی نێوانگیری[٤].

## تەوەری سێیەم

## دیاری کردنی کەسی شارەزا

ئەم رێگایە هەلبژاردنی کەسێکی شارەزای بێ لایەن یان پسپۆرێك لەخۆ دەگرێت کە زانستێکی فراوانی لەم بوارەدا هەبێت[٥]. دیاری کردنی کەسی شارەزا بە کاردێت لە چارەسەرکردن و هەلسەنگاندنی ناکۆکییەکانی هونەری و تەکنیکی و مالی لە کەرتی نەوت و گازدا[٦]. کاتێك کە ئەم رێگایە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە گرێبەستدا دادەنرێت، دەبێت رێگایەکانی تریش دابنرێن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نا تەکنیکی و نا هونەری. پێویستە گرێبەست ناکۆکی تەکنیکی و نا تەکنیکی باس بکات و لێکیان جیا بکاتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی روودانی ناکۆکی ناروونی لەم بابەتەدا روو نەدات. هەلبژاردنی کەسی شارەزا بە پێ رێکەوتنی هەردوو لایەنی ناکۆکیەکە دەبێت، بە پێی سروشتی ناکۆکیەکە. لایەنەکان لەوانەیە بریار لەسەر ئەو رێکارە بدەن کە پێویستە شارەزا بگرێتە بەر[٧]. لایەنە باشەکانی دیاری کردنی شارەزا بریتین لە چارەسەرکردنی ناکۆکی لە لایەن کەسێك کە شارەزاییەکی فراوانی لە بابەتە هەیە لە کەرتی نەوت و گازدا، پرۆسەی چارەسەرکردنەکە لە پشت دەرگا داخراوەکانە و بە نهێنی دەکرێت، ئەگەر لایەنەکان رێککەوتنیان کردبێت لەسەر ئەوەی کە پرۆسەکە پابەندی تێدایە ئەوا بریارەکانی کەسی شارەزا بریاری کۆتایین، پرۆسەکە خێراتر و هەرزانترە لە ناوبژیوانی و دادگایی کردن، پەیوەندی بازرگانی لە نێوان لایەنەکان وەك خۆی دەمێنێتەوە دوای چارەسەرکردنی ناکۆکی[٨]. سەرەرای ئەم لایەنە باشانە، ئەم رێگایە کۆمەلێك لایەنی خراپیشی هەیە لەوانەش: ئەم رێگایە زیاتر بەکاردێت بۆ دیاری کردنی لایەنی مالی و تەکنیکی ناکۆکییەکان بە بێ هیچ راڤەکردنێك لە یاسادا و بە رێگایەکی گونجاو دانانرێت بۆ ناکۆکی ئالۆزەکان کە برێکی زۆر پارە لەخۆ دەگرێت. کەسی پسپۆر یان شارەزا بریار لەسەر ئەنجامەکان دەدات لەسەر بنەمای دۆزینەوەکانی خۆی و لێرەدا هیچ رێسایەك نیە بۆ دادپەرەری سروشتی[٩].

## تەوەری چوارەم

## بەرزکردنەوەی داوا لە دادگا

بەرزکردنەوەی داوا لە دادگا ناسراوترین ئامرازی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانە لە لایان پارێزەرانەوە و بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنرێت لە بازرگانی پترۆلی ناوخۆیی لەگەل لایەنەکان کە سەر بە هەمان تایبەتمەندی و دەسەلاتی دادوەرین بە تایبەتی لە ئەمریکا، کانادا، بەریتانیا و ئۆستراليا[١٠]. ئەم رێگایەش چەند لایەنێکی پۆزەتیڤی خۆی هەیە لەوانەش:پرۆسەی دادگایی زۆر بە شێوەیەکی فەرمی بەرێوە دەچێت کە کاتێکی باش بە لایەنەکانی کێشە دەبەخشێت تاوەکو بتوانن بەلگەی پێویست بۆ پشتگیری قسەکانیان دابین بکەن، بریارەکە کۆتایی یە و پابەندی تێدایە و شیاوی تانە لێدانە، هەموو پرۆسەکە کراوەیە و شفافیەتی تێدایە و بریارەکانی بە ئاسانی جێبەجێ

(1) B N Luki and N J Abubakar, ' Dispute Settlement in the Oil and Gas Industry: Why is International Arbitration Important?' (2016) 6 (4) Journal of Energy Technologies and Policy, 30-38.
(2) L C McManus, 'Mediation in Oil and Gas Law Disputes' <https://www.lexisnexis.com/legalnewsroom/energy/b/oil-gas-energy/archive/2013/09/12/mediation-in-oil-and-gas-law-disputes.aspx> accessed 22 October 2018.
(3) Alramahi, loc. cit.
(4) McManus, loc. cit.
(5) M Waqas, Dispute Resolution in Oil and Gas < http://www.ogfj.com/articles/print/volume-12/issue-1/features/dispute-resolution-in-oil-and-gas.html> accessed 22 October 2018.
(6) Martin, loc. cit.
(7) Alramahi, loc. cit
(8) Waqas, loc. cit.
(9) Ibid.
(10) Martin, loc. cit.

دەكرێت لە هەمان دەسەلاتی دادوەریدا[١]. بۆیە هەندێك جار لەناو گرێبەستە نێودەولەتییەكانی نەوت وگازدا بەكار دەهێنرێت بە تایبەت كاتێك هەموو لایەنەكان سەر بە هەمان دەسەلاتی دادوەرین و هەموویان لەگەل دادگاكانی دەولەتی خۆیان ئاسوودەن[٢]. لە گەل ئەمەشدا بەرزكردنەوەی داوا لە دادگا بە رێگایەكی گونجاو دانانرێت لە كەرتی نەوت و گازدا كە برە پارەیەكی زۆری وەبەرهێنان لە خۆ دەگرێت[٣] و زۆر گونجاویش نیە بۆ ناكۆكیە نێودەولەتییەكان لەبەر كۆمەلێك هۆكار. كاتێك كە ناكۆكیەك سەرهەلدەدات لە نێوان لایەنەكانی كارا لە كەرتی نەوت و گازدا و ئەوانیش هیچ بەندێكی تایبەت بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیان لە نێوان خۆیاندا نەبێت ئەوا ناكۆكیەكەیان رەوانەی دادگای نیشتیمانی دەكرێت بۆ چارەسەركردن. لە كەرتی نەوت و گازدا، زۆربەی جار لایەنێكی گرێبەستەكان كۆمپانیای نێودەولەتین و گرنگترین نیگەرانی كە رووبەرووی ئەم كۆمپانیانە دەبێتەوە ئەوەیە كە دادگایی لە دادگایەكی بیانی ئەنجام دەدرێت و پرۆسەكەش بە زمانی بیانی دەبێت و یاسای بیانیشی بەسەردا جێبەجێ دەكرێت. لە پرۆسەی بەرزكردنەوەی داوا لە دادگا، لایەنەكانی داوا هیچ كۆنترۆلێكیان بەسەر ماوەی پرۆسەكەوە نیە بۆیە ناكۆكیەكە لەوانەیە بۆ ماوەیەكی درێژ چارەسەر نەكرێت و لەگەل ئەمەشدا خەرجی داواكە لەگەل ماوەكەدا زیاتر دەبێت. هەروەها لایەنەكان هیچ كۆنترۆلێكیان لەسەر دیاری كردنی دادوەر نیە و لەوانەیە دادوەرەكان شارەزایی پێویستیان نەبێت لە كەرتی نەوت و گازدا. دادگایی بە شێوەیەكی ئاشكرا و گشتی ئەنجام دەدرێت و هەموو پرۆسەی دادبینی و بریارەكان بە ئاشكرا دەكرێت، ئەمەش لەوانەیە زیانی بۆ ناوبانگی كۆمپانیا و كاریگەری لەسەر پەیوەندی وەبەرهێنەرەكانی و بازاری هاوبەشەكانی هەبێت بە تایبەتی لە كەرتی نەوت و گازدا كە زیاتر پشت بە نهێنیایەتی دەبەستێت[٤]. بریارەكانیش شیاوی جێبەجیٚ كردنن لە هەمان شوێنی دەسەلاتی دادوەری بۆیە ئاسان نیە بریارەكان جێبەجیٚ بكرێن لە دەسەلاتی داوەری یان دەولەتێكی بیانی مەگەر رێكەوتننامەیەكی نێودەولەتی هەبێت لە بەینی دوو دەولەت یان زیاتر بۆ جێبەجیٚ كردنی بریارەكانی دادگا[٥].

## تەوەری پێنجەم

## ناوبژیوانی

گونجاوترین و باوترین رێگا كە قبول كراوە و بەكاردەهێنرێت بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكان لە كەرتی نەوت و گازدا ناوبژیوانیە. بۆیە لەبەر گرنگی ناوبژیوانی، لەم تەوەرەیەدا بە شێوەیەكی فراوان باسی لێوە دەكرێت.

ناوبژیوانی ناوێكی وەرگیراوە لە كاری **arbitrer** لە ووشەی لاتینی **arbitrari**.[٦] گونجاوترین پێناسەی زمانەوانی بۆ ناوبژیوانی بریتیە لە رێگایەك لە رێگاكانی چارەسەركردنی ناكۆكی كە تیایدا كەسی سێیەمی بیٚ لایەن بریاری خۆی دەردەكات لەپاش گویٚ گرتن لە مشتوومری هەردوو لایەنی ناكۆكی لە دانشتنەكاندا[٧]. هەروەها نووسەران و یاساناسان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ ناوبژیوانی كردووە. بۆ نموونە ناوبژیوانی پێناسە كراوە بەوەی كە بریتیە لە رێكەوتنی لایەنەكان لەسەر دەستنیشان كردنی ناوبژیوانێك یان زیاتر بۆ یەكلایی كردنەوەی ناكۆكییەكانی داهاتوو یان ناكۆكی رووداو لە نێوانیاندا بە بریارێكی پابەند بە بیٚ گەرانەوە بۆ دادگای تایبەت[٨]. یان بەوەی كە بریتیە لە رێكەوتن لەسەر رەوانەكردنی ناكۆكی بۆ كەسێك یان چەند كەسێكی دیاری كراو بۆ چارەسەركردنی، نەك بۆ دادگای تایبەتمەند پێی[٩]. یاسای دادبینی شارستانی عێراقی بەركار لە ماددەی ٢٥١ تا ٢٧٦ ناوبژیوانیی رێك خستووە بەلام تەنها رێگای بە ناوبژیوانی داوە لە هەندێك بابەتی تایبەت وبە مەرجی تایبەت[١٠].لەم یاسایەدا پێناسەی ناوبژیوانی نەكراوە بەلام یاسای ناوبژیوانی مسری بەم شێوەیە پێناسەی ناوبژیوانی كردووە كە بریتیە لە رێكەوتنی لایەنەكان لەسەر پەنابردنە بەر ناوبژیوانی بۆ یەكلایی كردنەوەی هەموو یان بەشێكی ئەو ناكۆكیانەی كە دروستبوونە یان دەكرێت دروست ببن لە نێوانیان بەهۆی پەیوەندیەكی دیاری كراوە گرێبەستی بیت یان ناگرێبەستی[١١]. دەكرێت لە پێناسەكانی سەرەوە پێناسەیەكی گونجاو بۆ ناوبژیوانی بكرێت بەوەی كە بریتیە لە سیستەمێكی تایبەت كە تیایدا لایەنەكانی

(1) Waqas, loc. cit.
(2) Martin, loc. cit.
(3) M Ross, 'Dispute Management and Resolution' in Gordon and Paterson (eds), *Oil and Gas Law-Current Practice and Emerging Trends* (Dundee University Press, 2011).
(4) Alramahi, loc. cit.
(5) Waqas, loc. cit.
(٦) جیرار كورنو: معجم المصطلحات القانونیة، ترجمة منصور القاضي، الطبعة الثانیة، لبنان، بیروت، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع، ٢٠٠٩م،ص ٤٢١.
(7) Blackwell, op. cit., p. 35.
(٨) د. أحمد السید صاوي، التحكیم طبقًا للقانون رقم ٢٧ لسنة ١٩٩٤ وأنظمة التحكیم الدولیة، المؤسسة الفنیة للطباعة ) والنشر، الطبعة الثانیة ٢٠٠٤ ، ص ١٢.
(٩) د. أحمد أبو الوفا، التحكیم الاختیاري والإجباري، منشأة المعارف بالإسكندریة، الطبعة الخامسة، ١٩٨٧ ، ص ١٥.
(١٠) بروانە یاسای دادبینی شارستانی عێراقی ژمارە (٨٣)ی ساڵی١٩٦٩.
(١١) المادة (١٠)، قانون التحكیم المصري رقم (٢٧) لسنة ١٩٩٤.

پەیوەندییەکی یاسایی دیارکراو جا چ گرێبەستی بێت یان نا گرێبەستی ڕێك دەکەوتن لەسەر دیاری کردنی ناوبژیوانێك یان زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان، بە پشت بەستن بە بەندی گرێبەستێك یان ڕێساکانی یاسایەك یان ڕێککەوتننامەیەکی تایبەت بەم بابەتە.

لە کەرتی نەوت و گازدا زۆر پشت بە ناوبژیوانی دەبەسترێت بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان ئەمەش لەبەر ئەو لایەنە باشانەیە کە ناوبژیوانی لەخۆ دەگرێت لە گرنگترینیان ئەوەیە کە پرۆسەی ناوبژیوانی پرۆسەیەکی بێ لایەنانەیە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لایەنەکانی گرێبەستەکانی نەوت و گاز زۆربەی جار سەر بە دەولەتی جیاوازن بۆیە هیچ لایەنێك نایەوێت یاسای لایەنەکە تری بەسەردا جێبەجێ بکرێت و لە دادگای ئەو ناکۆکییەکە چارەسەر بکرێت بۆیە بۆ خۆ دوورگرتن لەمە لایەنەکان پەنا دەبەنە بەر ناوبژیوانی بێ لایەن[١]. یەکێکی تر لە ئەرێنییەکانی ناوبژیوانی ئەوەیە کە هەندێك ئۆتۆنۆمی دەدات لایەنەکانی ناکۆکی بە پێچەوانەی دادگایی[٢]. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لایەنەکان ئازادن لە هەلبژاردنی ئەو ڕێسایانەی یان ئەو دامەزراوەی کە ناکۆکیەکەیان چارەسەر دەکات. هەروەها لە جۆری ناوبژیوانی تایبەتدا لایەنەکان ئازادن لە هەلبژاردنی ناوبژیوانەکان، شوێنی ناوبژیوانی و یاسای جێبەجێکار لەسەر ناکۆکییەکەیان.

زۆربەی پرۆسەکانی ناوبژیوانی نهێنایەتی تێدایە، ئەمە وای کردووە کە زۆرێك لە کۆمپانیایەکان پەنای بۆ ببەن لەکاتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان لەبەر ئەوەی ئەو ناکۆکیيانە لەوانەیە هەندێك نهێنی بازرگانی، بابەتی ملکیەی فکری، زانیاری تەکنیکی بەرز و پراکتیکەکانی تری کێبرکێ گرنگ و ئەساسی لەخۆ بگرێت[٣]. لایەنەکان ڕێك دەکەون کە پرۆسەی ناوبژیوانی بە نهێنی بمێنێتەوە کە هەموو دۆکیۆمێنتەکان، دۆکیۆمێنتەکان، بەلگەکان، بریار و حوکمەکان لەخۆ دەگرێت[٤]. باشییەکی تری ناوبژیوانی ئەوەیە، بە پێچەوانەی بریارەکانی دادگا کە شیاوە تانەگرتنن، بریارەکانی ناوبژیوانی کۆتایی، پابەند و شیاوی جێبەجێکردنن لە ئاستی نێودەولەتیشدا[٥]. بە هۆی ڕێکەوتننامە نێودەولەتییەکانەوە، گریمانەی جێبەجێکردنی بریارەکانی ناوبژیوانی لەسەر ئاستی جیهانی زۆر زۆر بەرزترە لە جێبەجێکردنی بریارەکانی دادگا. گرنگترین ڕێکەوتننامەی بەرکار، ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی سالّی ١٩٥٨ سەبارەت بە ناساندن و جێبەجێکردنی بریارەکانی ناوبژیوانی بیانیەکە ناسراوە بە ڕێکەوتننامەی نیویۆرك[٦]. (the New York Convention) کە زیاتر لە ١٤٥ دەولەت ئەندامن لەم ڕێکەوتننامەیەدا[٧] دەولەتانی ئەندام پابەند کراون بە ناساندن و جێبەجێ کردنی بریارەکان مەگەر نەگونجان یان کێشەیەکی یاسایی گرنگ هەبێت، هەروەها دەولەتان دەتوانن کۆمەلێك مەرج بۆ ناساندن و جێبەجێ کردنی بریارەکانی دادگا دابنێن بەلام نابێت مەرجی گران و ئەستەم بن کە لەگەل ڕێکەوتننامەکە نەگونجێت[٨]. هەروەها ڕێکەوتننامەی تری تایبەت بەو بابەتە ڕێکەوتننامەی جنێف ( the Geneva Convention of 1927)ە کە عێراق ئەندامی هیچ یەك لەو ڕێکەوتننامانە نیە بەلام ئەندامە لە هەندێك ڕێکەوتننامەی هەرێمی وەکو ڕێکەوتننامەی دەولەتانی عەرەبی سەبارەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی دادگایی ١٩٥٢، ڕێککەوتننامەی ریاز ١٩٨٣ و ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ ناوبژیوانی بازرگانی ١٩٨٧.[٩] هەروەها بریارەکانی ناوبژیوانی دەکرێت جێبەجێ بکرێت بە پشت بەستن بە ڕێکەوتننامەی دوو لایەنە لە نێوان دوو دەولەتدا[١٠]. سەرەرای ژمارەیەکی زۆر لە لایەنە باشەکانی، ناوبژیوانیش بەدەر نیە لە لایەنی نەرێنی. ناوبژیوانی بە شێوەیەکی گشتی کات و تێچووی زۆرتری دەوێت لەچاو گفتوگۆکردن، نێوانگیری و دیاری کردنی شارەزا. لایەنێکی تری نەرێنی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە بریارەکانی کۆتایین ولە کەم باردا دەرفەتی تانەگرتن هەیە. هەروەها بریارەکانی ناوبژیوانی جێبەجێ کردنیان زۆر زەحمەت دەبێت لەو دەولەتانەی کە ئەندام نین لە ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرك ١٩٥٨ و لەم بارەدا ناوبژیوانی نابێتە ئامرازێکی سەرنجراکێش بۆ

(1) M L Moses, *The Principles and Practices of International Commercial Arbitration,* (2nd edn, Cambridge: Cambridge University Press, 2012) p.3.
(2) M Pryles, “Limits of Party Autonomy in Arbitral Procedure” <http://www.arbitration-icca.org/media/0/12223895489410/limits_to_party_autonomy_in_international_commercial_arbitration.pdf > accessed 25 October 2018.
(3) Luki and Abubakar, loc. cit.
(4) V Rajora, 'Confidentiality in Arbitration' < http://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=1572221 > accessed 25 October 2018.
(5) Luki and Abubakar, loc. cit.
(6) The United Nations Convention on Recognition and Enforcement of Foreign Arbitral Awards (The New York Convention) (1958). The Convention was prepared and opened for signature on 10 June 1958 by the United Nations Conference on International Commercial Arbitration.
(7) Latham & Watkins, ‘Guide to International Arbitration’ (Latham & Watkins LLP 2015) <https://www.lw.com/.../guide-to-international-arbitration> accessed 25 October, 2018.
(8) See The United Nations Convention on Recognition and Enforcement of Foreign Arbitral Awards (The New York Convention) (1958), Articles III and V.
(9) S A Al-Bidery, Modernising Iraq: A Vision for a Comprehensive Petroleum Arbitration Regime in Iraq, Ph.D Thesis (the University of Bangor, School of Law 2014) p. 233.
(10) Latham & Watkins, loc. cit.

چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان،[1] هەروەها کاتێك ئەندامی ڕێکەوتننامەیەکی تری نێودەوڵەتی یان هەرێمی یان دوو لایەنی نەبێت. بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە دەوڵەتێکی بیانی دا لەوانەیە پرۆسەیەکی ئاڵۆز بێت و کات و تێچووی دەوێت[٢].

## بەشی دووەم

## ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان

ئەم بەشە لە دوو باس پێك دێت کە لە باسی یەکەم دا چارەسەرکردنی ناکۆکییە نەوت وگازییەکانی هەرێمی کوردستان و لە باسی دووەم دا ناکۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای دانا گاز وهاوبەشەکانی دەخرێتە ڕوو.

### باسی یەکەم

### ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت وگاز بە پێی یاسا و گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان

ئەم باسە لە دوو تەوەری جیاوازدا باس لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت وگازدەکات بەپێی یاسای نەوت گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستی نموونەی بەشداری کردنی بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان.

#### تەوەرەی یەکەم

#### ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستانی– عیراق ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧

بە پێی یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان، وەزیر بۆی هەیە کار بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی کە دروست دەبن لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە پرۆسەکانی نەوت کار دەکەن و بڕیاری لە سەر بدات ،چ جا ئەوناکۆکییانەی کە: أ. لە نێوان کەسەکان خۆیان بن، ئەگەر ڕێکەوتننامەکانی کەلە نیوانیان ئەنجام درابوو،دەقی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی تێدا نە هاتبێ. ب. یان ئەوەی پەیوەستە بە لایەنەکانی دیکە کە بەشدار نین ( جگە لە حکومەتی هەرێم)[٣].

هەروەها لەو یاسایەدا هاتووە کە ئەگەر کێشەی پەیوەندیدار بە لێکدانەوە( تفسیر) و پیادەکردنی مەرجەکانی مۆڵەت یان هەردووکیان رویدا لە نێوان کەسی ڕێپێدراو و وەزیر، لایەنەکان هەولدەدەن کێشەکە لە ریگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکەن. ئەگەر کێشەکە بە هۆی گفتوگۆوە چارەسەکەر نەکرا بۆهەر دوو لا هەیە کێشەکە ببنە بەردەم ناوبژیوانی و هەر ناوبژیوانێك لە نیوان وەزیر و کەسی رێپیدراو بە پێی ڕێکەوتنی هەر دوو لا دەبێ بە پێی یەکێك لەو ڕێسایانەی خوارەوە:

أ. ڕێککەوتننامەی واشنتۆن ساڵی ١٩٦٥ یان ڕێنمایی یان ڕێساکانی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەبەرهینان لە نێوان دەوڵەتان و هاولاتیانی دەوڵەتانی تر.

ب. ڕێساکانی زیدە ئاسانکاری دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەوڵەتی (ICSID) کە لە ٢٧/٩/ ١٩٧٨ لە لایەن ئەنجوومەنی کارگێری (ICSID) پەسەند کراون … .

ج. پەیرەوکردنی ڕێساکانی ناوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە یاسای بازرگانی جیهانی (UN CITRAD).

د. ڕێساکانی ناوبژیوانی پەیرەو کراو لە دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی کردنی نێودەوڵەتی (LCIA).

هـ. پەیرەوکردنی ڕێساکانی دیکەی دانپێدانراو بە پێ ی ڕێکەوتنی لایەنەکانی ناکۆك لە سەر ڕێکارەکانی،لەوانەش ڕێگای دامەزراندنی ناوبژیوانان و ئەو ماوەیی کە پێویستە بڕیاری لێ دەربکرێ.

هە روەها یاساکە ئاماژەی بەوە کردووە کە پابەندییەکانی وەزیر و کەسی ڕێپێدراو بەردەوام دەبێ بە پێ مۆڵەت تاوەکو هەر مەسەلەیەکی چارەسەرنەکراو رەوانە کراوە بۆ ناوبژیوانی، چارەسەر دەکریت[٤].

(1) Waqas, loc. cit.

(2) P Contini, 'International Commercial Arbitration: The United Nations Convention on the Recognition and Enforcement of Foreign Arbitral Awards' (1959) 8 (3) The American Journal of Comparative Law, p. 283.

(٣) یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧، مادەی( ٥٠) برگەی یەکەم.

(٤)یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧، مادەی( ٥٠) برگەی دووەم.

## تەوەرەی دووەم

## ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان بەپێی گرێبەستی نموونەیی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان

هەروەك ئاشکرایە گرێبەستەکانی نەوت و گاز ماوە درێژن و لایەنەکانی گرێبەست ناتوانن پێشبینی ئەوە بکەن کە چ جۆرە ناکۆکیەك ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەکەونە کام لای ناکۆکیەکە و کەی ناکۆکی سەرهەلدەدات، بۆیە نووسینەوە و ئامادەکردنی بەندی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەناو گرێبەستەکاندا زۆر گرنگە و پێویستی بە شارەزاییەکی تەواو هەیە. بەندێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی پێویستە شکلێکی فراوانی هەبێت و لایەنەکان دەبێت بە شێوەیەك بەندەکە ئامادە بکەن کە هەموو ئەو ناکۆکییانە لەخۆ بگرێت کە لەوانەیە لە گرێبەستەکەیان سەرهەلبدەن نەك بە شێوەیەکی تەسك کە چەند جۆرێکی تایبەت لە ناکۆکییەکان لەخۆ بگرێت چونکە بەم جۆرە بەندەکە دەتوانێت مەترسی دار بێت و ببێتە هۆی ناکۆکی لەسەر چوارچێوەی خودی بەندەکە[1]. لە گرێبەستێکی بەشدارکردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان ئەم بەندە شکلێکی فراوانی وەرگرتووە کەتیایدا هاتووە (بۆ مەبەستی ئەم مادەیە"ناکۆکی" واتا هەر ناکۆکی، کێشە یان داوایەك (لە هەر یان هەموو جۆر یان شێوەیەك، جا لەسەر بنەمای گرێبەست، کاری نارەوا، یاسا، ڕێنماییەکان یان هەر شتێکی تر) کە سەرهەلدەدەن لە، پەیوەندیدارن بە، یان لکاون بەم گرێبەستەوە، یان ئەو چالاکیانەی بە پێی ئەم گرێبەستەوە ئەنجام دەدرێن، هەر ناکۆکیەکی تر لەخو دەگرێت کە پەیوەندی بەپێکهاتن، هەبوون، یاسایی بوون، ڕاڤەکردن، جێبەجێکردن، سەرپێچی کردن و هەلوەشاندنەوەی ئەم گرێبەستەوە هەبێت، کە سەرهەلدەدات لە نێوان لایەنەکان (یان لە نێوان هەر یەك یان زیاتر لە دامەزراوەکانی سەر بە لایەنی گرێبەست و حکومەت)[2].

هەروەها پێویستە لایەنەکان لە کاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی بەندی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە نێوان خۆیاندا ڕێك بکەون لەسەر هەلبژاردنی ڕێگایەك یان زیاتر (چەند قۆناغێك) بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی. ئەگەر یەك ڕێگایان دەستنیشان کرد دەبێت ئەم ڕێگایە بە ڕوونی لەناو بەندی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ئاماژەی پێ بکەن بەلام پشت بەستن بە یەك ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان باو نیە بەلکو لە زۆربەی گرێبەستەکاندا پەنا دەبردرێتە بەر هەلبژاردنی چەند ڕێگایەك بە شێوەی قۆناغی یەك بەدوای یەك. لە گرێبەستەکانی کەرتی نەوت و گازیشدا زیاتر پشت بە بەندی چەند قۆناغی دەبەسترێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. ئەم بەندە چەند ڕێگایەکی جیاواز بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دابین دەکات لە چەند قۆناغێکی سەربەخۆ و شێوە پلەبەندیدا. بەندی چەند قۆناغی دەکرێت شێوەی جیاواز لەخۆ بگرێت[3]. دەکرێت بە دوو قۆناغ بێت (نێوانگیری کە دوای ئەویش ناوبژیوانی پابەند دێت) یان دەکرێت سێ قۆناغی بێت (گفتوگۆکردن لە نێوان هەردوو لایەن کە لەدوای ئەو نێوانگیری دێت و کۆتای دێت بە ناوبژیوانی پابەند) یان هەر شێوازەکی تر بە پێی ڕێکەوتنی لایەنەکان. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە پێویستە کاتەکان دیاری بکرێن بۆ هەر قۆناغێك و پێویستە تێبینی نووسراو پێشکەش بکرێت سەبارەت بە دروست بوون، چوارچێوە و سروشتی ناکۆکیەکە[4] ئەم بەندە چەند لایەنی ئەرێنی تری هەیە بۆ نموونە ناکۆکییەکە بە کاتێکی کەمتر وتێچوویەکی کەمتر چارەسەر دەکرێت و لایەنەکانش کۆنترۆلی زیاتریان لەسەر کێشەکە دەبێت ئەگەر بە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەندەکە چارەسەربکرێت. هەروەها ئەم بەندە وەك فلتەرێك کار دەکات کەتەنها ناکۆکی گرنگ و ئالۆزەکان لە ڕێگای ناوبژیوانی چارەسەر دەکرێن و ناکۆکییە سادەکان بە قۆناغی نزمتر چارەسەر دەکرێن[5].

سەبارەت بە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان کە هەموویان گرێبەستەکانی بەشدارکردن لە بەرهەمهێنانن، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان پشتیان بە بەندی چەند قۆناغی بەستووە. گرێبەستی نموونەیی کوردستان وەکو زۆربەی گرێبەستەکانی تری بەشداری کردن لە بەرهەمهێنان، بەندێك لە خۆ دەگرێك کە پێی دەگوترێت بەندی ناوبژیوانی و بەندی (٤١)ە کە لە حەوت برگەی جیاواز دا ڕێکارەکانی چارەسەری ناکۆکییەکانی باس کرددوە کە بە سێ قوناغی سەرەکی دا دەڕوات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(1) Martin, loc. cit.
(2) The Kurdistan PSC for Tawke Block between The Kurdistan Regional Government of Iraq and DNO Iraq As 2008, article 42 (1).
(3) Alramahi, loc. cit.
(4) Martin, loc. cit.
(5) Alramahi, loc. cit.

أ. گفتوگۆكردن: له كاتی ڕوودانی هەر ناكۆكییەك لە نێوان لایەنەكانی گرێبەست (یان یەكێك لە لایەنەكانی گرێبەست بە سەربەخۆیی لە گەل حكومەت) كە سەر هەڵدەدات لە دەرەوەی یاخود بە هۆكاری ئەم گرێبەستە، وەكو هەر ناكۆكییەكی پەیوەندیدار بە هەبوون و یاسایی بوون یان كۆتایی هاتن، لایەنەكانی ناكۆكی لە سەرەتا پێویستە بە دوای چارەسەری ناكۆكیەكەدا بگەڕێن لە ڕێگای گفتوگۆ كردن و دانوستاندن.[١]

ب. نێوانگیری: ئەگەر ناكۆكییەكە چارەسەرنەكرا بە گفتوگۆ كردن، لایەنەكان پێویستە بە دوای چارەسەركردنی ناكۆكیەكە بگەڕێن بە ڕێگای نێوانگیری بەپێی پرۆسەی نێوانگیری (دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ( London Court of International Arbitration)[٢]. لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بكرێت كە ئەم قۆناغە لە برگەی دووەمی ماددە ٥٠ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان ئاماژەی پێ نەكراوە بەڵكو تەنها باسی گفتوگۆكردن و ناوبژیوانی دەكات، كە دەتوانرێت بگووترێت ئەم برگەیە تا ڕادەیەك نایاساییە بەلام قۆناغێكی گرنگە و پێویستە لە یاسایەكەشدا جێگیر بكرێت.

ج. ناوبژیوانی: ئەگەر ناكۆكییەكە چارەسەر نەكرا لە ڕێگای نێوانگیری لە ماوەی سی ڕۆژ لە ڕۆژی دەست پێكردنی نێوانگیری یان هەر ماوەیەكی تری زیاتر كە لایەنەكان پێویستە لە سەر ڕازی بن بە نووسراو، ناكۆكیەكە پێویستە ڕەوانە بكرێت بۆ ناوبژیوانی و بە شێوەیەكی كۆتایی چارەسەر بكریت بە پێی ڕێساكانی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەم بەندە بە پێویستی داناوە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان و لایەنەكانی گرێبەست، هەریەكەیان یەك ناوبژیوان دیار بكەن، ئەم دوو ناوبژیوانە پێویستە هەوڵ بدەن كە ڕازی بن لەسەر دیاری كردنی ناوبژیوانی سێیەم كە ناوبژیوانیەكە بەڕێوە دەبات. لەو كاتەدا كە دوو ناوبژیوانەكە سەركەوتوو نەبوون لە دیاری كردنی ناوبژیوانی سێیەم یان لە حالەتی ڕازی نەبوون لەسەر ناوبژیوانی سێیەم ئەوا ڕێساكانی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پێویستە جێبەجێ بكرێت[٣]. لە بەندەكەدا هاتووە پێویستە ناوبژیوانی لە لەندەن (ئینگلەند) ئەنجام بدرێت و ئەو زمانەی كە لە نێوانگیری و ناوبژیوانی دا بەكار دەهێنرێت پێویستە ئینگلیزی بێت. هەروەها ئەو یاسایەی كە پێویستە جێبەجێ بكرێت یاسای پەیوەندیداری هەرێمی كوردستان و یاساكانی ئینگلەندن و ئەگەر ناكوكی هەبوو لە نێوانیاندا یاساكانی ئینگلەند پێویستە جێبەجێ بكرێن. لە كاتی نەبوونی یاسای كوردستان یان یاسای ئینگلیزی سەبارەت بە كێشەی دیاری كراو، ناوبژیوانان پێویستە بگەڕێنەوە بۆ پرنسیپە یاساییەكانی گشتی،عورفێكی نێودەوڵەتی (پراكتیكی قبول كراوی گشتی) و ئەو پێشینە دادوەریانەی كە كارپێكراون بە شێوەیەكی گشتی لەسەر بابەتی كێشەكە. ئەم بەندە بە مەرجە داناوە كە لە ماوەی پرۆسەی ناوبژیوانیەكەدا و تاوەكو بریاری ناوبژیوانی دەردەچی، پێویستە هیچ لایەنێكی گرێبەست كارێك نەكات كە كاریگەری هەبێت لەسەر مافی لایەنەكانی تر بە پێی ئەم گریبەستە[٤].

وەك دەبینرێت گرێبەستە نموونەییەكەی هەرێمی كوردستان ئاماژەی بەوە داوە كە ئەو یاسایەی كە پێویستە جێبەجێ بكرێت یاسای پەیوەندیداری هەرێمی كوردستان و یاساكانی ئینگلەندن بەلام لە هیچ یەك لە گرێبەستەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە لەگەل كۆمپانیاكانی نێودەوڵەتی نەوت و گاز ئەنجامی داوە، باس لە یاساكانی هەرێمی كوردستان نەكراوە و تەنها یاسای ئینگلەند تیایاندا جێگیر كراوە، ئەمەش كەم و كورتیەكی بەرچاوە لە گرێبەستەكانی هەرێمی كوردستاندا. هەروەها لە خودی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستانیشدا باسی یاسا و ڕێساكانی هەرێمی كوردستان ناكات وەكو ڕێسایەك تاوەكو لایەنەكان لەسەری ڕێك بكەون بۆ ئەوەی ناوبژیوانیان لەسەر ئەنجام بدرێت، یاساكە تەنها ئاماژەی بە كۆمەلێك ڕێسای نێودەوڵەتی تر داوە وەك پێشتر ئاماژە پێكراوە، كە ئەمەش كەم و كورتیەكی تری یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستانە.

لەم گرێبەستە نموونەییەی هەرێمدا هاتووە كە بریاری ناوبژیوانی هێزی جیبەجیكردنی پێ دەبەخشریت لە لایەن هەر دادگایەكی تایبەتمەند. هەر بریارێكی ناوبژیوانی كە پارە لەخۆدەگرێت پێویستە بە دۆلار دەربربردرین. هەر تێچویەكی پەیوەست بە ناوبژیوانی پێویستە بدرێت لە لایان لایەنی دۆڕاو، هەر چەندە هەر لایەنێك پێویستە بەرپرس بێت بە تێچووەكانی خۆی و پارە تێچووی پاریزەرەكانی[٥]. بە پێی ئەم بەندە، بەندە، لایەنەكانی گرێبەست ڕازی دەبن لە سەر ئەوەی كە بریاری ناوبژیوانی پێویستە بریاری كۆتایی بێت و شیاوی هیچ پێداچوونەوەیەك و تانەیەك نیە. لەكاتی پرۆسەی ناوبژیوانیش نابیت هیچ لایەنێك خۆش بێت سەبارەت بە ئەنجامدانی پابەندییە یاسایی و گرێبەستییە پەیوەندیدارەكانی[٦].

---

(١) گرێبەستی نموونەیی بەشداری كردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی كوردستان، مادە (٤١) برگەی یەكەم.
(٢) گرێبەستی نموونەیی بەشداری كردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی كوردستان، مادە (٤١) برگەی دووەم.
(٣) گرێبەستی نموونەیی بەشداری كردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی كوردستان، مادە (٤١) برگەی سێیەم و برگەی چوارەم.
(٤) گرێبەستی نموونەیی بەشداری كردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی كوردستان، مادە (٤١) برگەی پێنجەم.
(٥) گرێبەستی نموونەیی بەشداری كردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی كوردستان، مادە (٤١) برگەی پێنجەم.
(٦) گرێبەستی نموونەیی بەشداری كردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی كوردستان، مادە (٤١) برگەی شەشەم و برگەی حەوتەم.

گرێبەستە نموونەییەکەی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە پەنا بردنە بەر دیاری کردنی شارەزا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان داوە لە هەندێك باری دیاری کراودا، ئەوانیش مادە ٨ برگە ٣ (دەنگدانی ئەنجوومەنی کارگێری)، مادد ١٥ برگەی ٤ (ژمێریاری و ووردبینی بەلام رێگاش دراوە کە دوای شارەزا پەنا ببردرێتە بەر ناوبژیوانی) و مادە ٢٧ برگەی ٩ (هەلسەنگاندن و پێوانی نەوتی خاو) و هەر ناکۆکیەکی تر کە لایەنەکان رێك بکەون لەسەر رەوانە کردنی بۆ شارەزایەك و ناکۆکیەکە دەبێت لەماوەی ٣٠ رۆژ رەوانە بکرێت و شارەزاش دەبێت لە ماوەی ٤٥ رۆژ بریاری خۆی بدات[1]. بەلام بەهەمان شێوەی قۆناغی نێوانگیری ئەم رێگایەش لە برگەی دووەمی مادده ٥٠ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ نەکراوە بەلکو تەنها باسی گفتوگۆکردن و ناوبژیوانی دەکات، کە دەتوانرێت بگووترێت ئەم برگەیە تا رادەیەك نایاسایی بەلام لە هەندێك باری تایبەتدا گرنگە و پێویستە لە یاسایەکەشدا جێگیر بکرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا دەتوانێت ماوە ماوە نموونەی گرێبەستەکەی خۆی هەموار بکات بۆیە هەلستاوە بە دانانی گرێبەستێکی نموونەیی نوێ لەسەر وێبسایتی فەرمی خۆی کە تا رادەیەك باشترە لە گرێبەستە کۆنەکانی. دوا گرێبەستە نموونەییەکەی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی نموونە کۆنەکانی ئاماژەی بە هەمان قۆناغەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی داوە بەلام بە شێوازێکی باشتر کە بە پێویستی داناوە لایەنێك تێبینی نووسراو پێشکەش بە لایەنی تر بکات لەکاتی دروست بوونی ناکۆکی و هەروەها ماوەی بۆ هەر قۆناغێك داناوە بە شێوەیەکی ووردتر. بۆ قۆاغی گفتوکۆکردن ٦٠ رۆژی داناوە و ئەگەر ناکۆکیەکە چارەسەر نەکرا دەبێت رەوانەی نێوانگیری بکرێت و لە ماوەی ٦٠ رۆژدا چارەسەر بکرێت. ئەگەر هەر چارەسەر نەکرا دەبێت رەوانەی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی بکرێت. هەروەها ئاماژەی بەوە کراوە کە ناوبژیوانی لە لەندەن، ئینگلەند دەکرێت و زمانی بەکارهاتوو لە هەر سێ قۆناغەکاندا زمانی ئینگلیزی دەبێت. بریارەکانی ناوبژیوانی هێزی جێبەجێ کردنی پێ دەبەخشرێت لە لایان هەر دادگایەکی تایبەتمەند،لەوانەش دادگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوەرۆکی بریارەکانیش دەبێت بە دۆلار بخەملێنرێت[2]. هەروەها لەم گرێبەستەشدا لە مادە ٤٢ برگەی ٢ باس لە دیاری کردنی شارەزا کراوە لە هەندێك باری دیاریکراودا. پێویستە تێبینی بکرێت کە دوا گرێبەستی نموونەیی هەرێم لە مادە ٤١ باسکردنی یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی نەهێشت بەلکو تەنها لە ماددەی ٤٣ دا بە بەندێکی تایبەت باسی لە یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی کردووە کە ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو بەلام تەنها یاسای ئینگلەندی بە یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردن داناوە[3].

بۆ ئەوەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەندی ناوبژیوانی لە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان روون ببنەوە پێویستە ئاماژە بە بەندی ناوبراوی هەندێك گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنانی هەندێك دەولەتی تر بکرێت:

لە گرێبەستی نموونەیی کینیا دا بەندێك بە ناوی بەندی ناوبژیوانی دانراوە لە مادەی ٤١، کە تیایدا هاتووە پێویستە ناکۆکییەکان بە شێوە دۆستانە چارەسەر بکرێت لە ماوەی ٣٠ رۆژدا، ئەگەر چارەسەر نەکرا ئەوا رەوانەی ناوبژیوانی دەکرێت بە پێی رێساکانی (UNCITRAL) کە دانراون لە لایان ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر یاسای بازرگانی نێودەولەتی. هەروەها تیایدا هاتووە کە ناوبژیوانان پێویستە هەلبژێردرێن لەو دەولەتانەی کە لایەنی ناکۆکیەکە نین. پێویستە ناوبژیوانی لە نەیروبی، کینیا و بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدرێت[4]. یاسای پێویست بۆ جێبەجێ کردن لەسەر ئەم گرێبەستە یاساکانی کینیان[5].

لە گرێبەستێکی ئەفغانستان بەندێك بەناوی بەندی چارەسەرکردن ناکۆکی دانراوە، کە تیایدا هاتووە ئەگەر ناکۆکییەکە چارەسەر نەکرا لە ماوەی ٤٥ رۆژدا لە رۆژی دروست بوونی ناکۆکیەکە ئەوا لە رێگای ناوبژیوانی چارەسەر دەکرێت بە رەوانە کردنی بۆ سەنتەری نێودەولەتی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی وەبەرهێنان (ICSID). ناکۆکییەکانی پەیوەست بە نرخی بازار و ئەندازە و جیاکردنەوەکانی تێژووەکانی چالاکی هایدرۆکاربۆنەکان لە رێگای دیاری کردنی شارەزا چارەسەر دەکرێت و یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەفغانستان بەسەر گرێبەستەکەدا جێبەجێ دەکرێت[6]. لە گرێبەستی نموونەیی هندستان دا هاتووە کە پێویستە کێشەکان بە شێوەی دۆستانە لە ماوەی ٩٠ رۆژ لە رۆژی دروست بوونی ئەوا رەوانەی ناوبژیوانی دەکرێت بە پێی یاسای ناوبژیوانی و ئاشتکردنەوەی سالّی ١٩٩٦. پرۆسەی ناوبژیوانی و ئاشتکردنەوە لە نیو دلهی، هندستان بەرێوە دەچێت مەگەر لایەنەکان لەسەر شوێنێکی تر رێککەوتبن و بە زمانی ئینگلیزیش دەبێت[7]. یاساکانی هندستان

---

(١) بروانە گرێبەستی نموونەیی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان، مادە (٤١) برگەی هەشت تا یازدە.
(٢) بروانە گرێبەستی نموونەیی نوێی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان، مادە (٤١).
(٣) بروانە گرێبەستی نموونەیی نوێی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان، مادە (٤٣) برگەی یەکەم.
(4) The Republic of Kenya Model PSC, article 41.
(5) The Republic of Kenya Model PSC, article 40.
(6) The EPSC for sanduqli Block between the Ministry of Mines & Petroleum of the Government of the Islamic Republic of Afghanistan and Dragon Oil Limited and TP Afghanistan Limited and Ghazanfar Investment Ltd, 2013.
(7) The Government of India Model PSC, article 33.

هندستان بەسەر گرێبەستەکەدا جێبەجێ دەکرێن[1]. لە یەکێك لە گرێبەستەکانی ولاتی میانمار بەندی ئاشتکردنەوە و ناوبـژیوانی دانـراوە کـە تیایدا هاتووە هەر ناکۆکییەك کە لە نێوان لایەنەکان درووست بوو نـەتوانرا لـە ڕێگـای دۆسـتانە چارەسـەر بکرێت،ئـەوا لـە جنێـف چارەسـەر دەکرێت لە ڕێگای ناوبژیوانی کە هەر لایەنێك ناوبژیوانێك دیاری دەکات. ئەگـەر ئـەو دوو ناوبژیوانـە نەگەیشـتنە هـیچ ئـەنجامێك، هـەردووکیان ناوبژیوانی سێیەم دیاری دەکەن و ناکۆکیەکە ڕەوانە دەکەن بۆ لای ئـەو و ئەگـەر هـەردوو ناوبژیوانەکـە سـەرکەوتوو نـەبوو لـە دیـاری کردنـی ناوبژیوانی سێیەم ئەوا داوا لە سەرۆکی داداگای دادی نێودەولەتی دەکرێت کە ناوبژیوانێك دیاری بکات. بریـاری ناوبـژیوانی بریـاری کۆتـایی و پابەنـدە بـۆ هـەردوو لایەنەکـە[2]. یاسـاکانی میانمـار لەسـەر ئـەم گرێبەسـتەدا جێبـەجێ دەکـرێن و لـە کـاتی نـەبوونی دەق لـەم یاسایانەدا،پرەنسیپەکانی یاسای نێودەولەتی پێویستە جێبەجێ بکرێن[3]. کەواتە دەرەکـەوێت کـە لـە گرێبەسـتەکانی کوردسـتان سـەرەرای کۆمەلێك لایەنی ئەرێنی سەبارت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەلام کۆمەلێك لایەنی نەرێنی لە خۆ دەگرێت بۆ نموونـە لـە ڕووی ناوهێنـانی ئەو بەندە هەلە هەیە کە ناونراوە بە بەندی ناوبژیوانی و دیاری کردنـی شـارەزا بـەلام لـە راسـتیدا چـەند قۆناغـەکی تـریش لـەخۆدەگرێت کـە ئەوانیش گفتوگۆکردن و نێوانگیرین بۆیە واباشترە کە ناوی لێ بنرێـت بەنـدی چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان. هـەروەها سـەبارەت بـە یاسـای پێویست بۆ جێبەجێ کردن و شوێنی دانیشتنی ناوبژیوانیش پێویستە پێداچووەنەوە بەم بەندەدا بکرێت.

### باسی دووەم

### چارەسەرکردنی ناکۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل داناگاز وهاوبەشەکانی لە دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی

یەکێك لەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی داوە ئەو گرێبەستەیە کە لەگەل کۆمپانیای دانا گاز و وکریسێنت پێترولیوم ئەنجامی داوە لە سالی ٢٠٠٧. ئەم گرێبەستەش وەك هەموو گرێبەستەکانی تری هەرێمی کوردستان بەندی ناوبژیوانی تیایدا جێگیرکراوە لە ماددە ١٦ کە تیایدا هاتووە ئەگەرنەتوانرا ناکۆکی چارەسەر بکرێت لە ڕێگەی گفتوگۆ لە ماوەی ٦٠ رۆژدا لە رۆژی پێگەیشتنی تێبینی نووسراو بۆکێشە، هەر لایەنێك لە ناکۆکییەکە بۆی هەیە بەدوای چارەسەری بگەرێت لە ڕێگای نێوانگیری لە نێوانگیری دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی. ئەگەر ناکۆکی چارەسەرنەکرا لە ڕێگەی نێوانگیری لە ماوەی ٦٠ رۆژ، ناکۆکییەکە رەوانەی ناوبژیوانی دەکرێت بە پێی رێساکانی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی.ناوبژیوانی لە لەندەن، ئینگلەند ئەنجام دەدرێت و زمانی ئینگلیزیش بەکاردەهێنێت[4].

ئەم باسە لە سێ تەوەرەدا باس کە لە سەرهەلدانی ناکۆکییەکە، چارەسەرکردنی لە دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی و رێکەوتنی هەردوو لایەن لەسەر کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانیان، دەکات .

#### تەوەرەی یەکەم

#### سەرهەلدانی ناکۆکی نێوان داناگاز و هاوبەشەکانی لە گەل حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ٤ی سالی ٢٠٠٧ گرێبەستێکی ٢٥ سالەی لەگەل هەر دوو کۆمپانیای ئیماراتی داناگاز وکریسێنت پێترولیوم بەست بۆ هەر دوو کێلگەی خۆرمۆر و چەمچەمال. لە سالی ٢٠٠٩ کۆمپانیا ئیماراتیەکان بە بری ١,٢ ملیارد دۆلاری ئەمریکی پشکی ١٠٪ ی پرۆژەکەیان فرۆشت بە پێرل پێترۆلیوم کە لە هەردوو کۆمپانیای (OMV* و MOL**) پێك دێت. دەتوانرێت بگوترێت کێشەیەکی لاوەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانا گاز لێرەوە سەری هەلدا چونکە دانا گاز ئەم پشکانەی بە بێ ئاگاداری و بێ مۆلەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان فرۆشتبوو. لە ٢٠١٥/١١/٢٧ جارێکی تر هەر دوو کۆمپانیای ئیماراتی داناگاز وکریسێنت پێترولیوم بە یەکسانی هەریەکە و ٥٪ پشکەکانیان فرۆشت بە کۆمپانیای (RWE***). ئێستا پشکی کۆمپانیایەکان بەم شێوەیە: دانا گاز: ٣٥٪ ، کریسێنت: ٣٥٪،

(1) The Government of India Model PSC, article 32 (1).
(2) The PSC for Moattamr Area between Myanma Oil and Gas Enterprise and Total Myanmar Exploration and Production 1992, article 22
(3) The PSC for Moattamr Area between Myanma Oil and Gas Enterprise and Total Myanmar Exploration and Production 1992, article 21(1).
(4) Quoted in Pearl Petroleum Company Limited and Dana Gas PJSC and Crescent Petroleum Company International Limited VS The Kurdistan Regional Government of Iraq: [2015] EWHC 3361 (Comm)

* the U.A.E. Austria's OMV AG
** Hungarian Energy Group Mol Nyrt
*** Germany's RWE AG

OMV: ١٠٪ ، MOL:١٠٪ و RWE: ١٠٪.[١] لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨ داناگاز و هاوبەشەکانی دەستیان کرد بە بەرهەمهێنان[٢]. ناکۆکی سەرەکی لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستی پێ کرد کاتێك کە دانا گاز و هاوبەشەکانی داوای قەردە کەڵەکەبووەکان و شایستە داراییەکانی خۆیان دەکرد و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش گازاندەی ئەوەیان کرد کە کۆمپانیا ناوبراوەکان وەك پێویست پەرە بە کێڵگەکانی ناوچەی گرێبەستەکەیان نادەن و لە بەرامبەریش دا دانا گاز و هاوبەشەکانی گلەیی ئەوەیان کرد کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رێگری لە پەرەپێدانی کێڵگەکانیان دەکات.

لە مانگی ١٠ی٢٠١٣ ناکۆکیەکە چوو بەردەم دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی[٣] و لە ٢٢/١٠/٢٠١٣ دانا گاز بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە داناگاز ئاشکرا دەکات کە داوای قەردەکانی کەڵەکەبووەکان و شایستە داراییەکانی خۆی دەکات لە وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان و باسی ئەوەش دەکات کە هەوڵدرا بیروکەکانیان لێك نزیك بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەلام کێشەکە چوویتە نێوانگیری بە پێی ریساکانی نێوانگیری دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نیودەولەتی[٤].

کەواتە بە لێکدانەوەی روونکردنەوەکەی دانا گاز دەردەکەوێت کە ناکۆکییەکەلە نێوان داناگاز و هاوبەشەکانی لەگەل هەرێمی کوردستان دروست بووە سەبارەت بە دانی شایستە داراییەکان و دوای گفتوگۆکردن لە نیوان خۆیاندا نەگەیشتینە هیچ چارەسەرێك بۆیە بە پشت بەستن بە برگەی دووەمی مەرجی ناوبژیوانی گرێبەستی مورکراوی نێوانیان،کێشەکە رەوانەی نێوانگیری دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی کرا.دوای سەرنەکەوتنی پرۆسەی نێوانگیری، کێشەکە چوو بەردەم دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی.

## تەوەرەی دووەم

## چارەسەر کردنی ناکۆکی نێوان داناگاز و هاوبەشەکانی لە گەل حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی

لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٣ ناکۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل دانا گاز و هاوبەشەکانی چووە بەردەم دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی و دادگای ناوبراو لە ١٧/١٠/٢٠١٤ بریاری دا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٣٠ روژ دا بری ١٠٠ ملیون دۆلاری ئەمریکی بداتە کومپانیاکان واتا تا ١٧/١١/٢٠١٤ پارەکە بدات بەلام حکومەتی هەرێم ئەو برە پارەی نەدا و داناگاز و هاوبەشەکانی لە ١٢/١٢/٢٠١٤ داوایان لە دادگای بالای ئینگلتەرا کرد کە بریاری جێبەجی کردنی بریاری دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی بدات. دادگای بالای ئینگلتەرا لە ٢٨–٢٩/١٠/٢٠١٥ دادبینی خۆی لەسەر بابەتەکە ئەنجامدا ولە ٢٠/١١/٢٠١٥ بریاری دا کە پێویستە حکومەتی هەرێم بریارەکەی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی جێبەجێ بکات و لە ماوەی ١٤ روژ دا ١٠٠ ملیون دۆلاری ئەمریکی بدات بە دانا گاز و هاوبەشەکانی.

دوای ئەم بریارە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە ٢٢/١١/٢٠١٥ بەیانێکی دەرکرد کە تیایدا روون دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەلامی داناگاز دەداتەوە بەوەی داناگاز ١٠٠ ملیۆن دۆلاری لە دادگای بەریتانی بردووتەوە کە پرۆسەکە تا ئێستا بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە و بریارەکە لە خودی ناوەرۆکی ناکۆکیەکە دەرنەچووە کە دادگای بازرگانی لە ئینگلەند دەسەلاتی یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیەی نیە. ئەوەش روون دەکاتەوە کە بریارەکەی ٢٠/١١/٢٠١٥ سەبارەت بە ١٠٠ ملیۆن دۆلارەکە پەیوەندی راستەوخۆی بە ناوەرۆکی داواکە نیە بەلکو پەیوەندی بە بریاری پێشووی ٢٠١٤ی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی هەیە کە ئەو کات بریار درا کە (بارودۆخی هەنوکەیی داناگاز رەچاو بکریت ئەویش بە پێدانی خەرجییەکانی کاتی بە بری ١٠٠ ملیۆن دۆلار) کە ئەمە رێکارەکی کاتییە بە مەرجی گەراندنەوە ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر داناگاز و هاوبەشەکانی لە پروسەی ناوبژیوانی رەئیسی شکستیان هێنا لە بردنەوەی داواکە. هەروەها لە هەمان بەیاننامەدا ئەمە روون دەکاتەوە کە بریارە کاتیەکەی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی کە لە ١٧/ ١٠/٢٠١٤ دەرچوو بوو سەبارەت بە ١٠٠ ملیۆن دۆلارەکە، داناگاز و هاوبەشەکانی لە مانگی ١٢ی هەمان سال داوای جێبەجی کردنی ئەم بریارەیان ئاراستەی دادگای بازرگانی ئینگلەند کرد کە لە سەرەتادا داوایەکە شکستی هێنا لە سەپاندنی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و بریاری

(1) Dana Gas, Dana Gas PJSC Report of the Directors <http://www.danagas.com/ar-ae/Investors/Dana%20Gas%20PJSC%20-%20Report%20of%20the%20Directors%202016%20%28English%29.pdf> accessed 26 October 2018.

(2) Dana Gas, Kurdistan Region of Iraq <http://www.danagas.com/en-us/operations/iraq> accessed 1 September 2018.

(٣) حەکیم داود، دانە گاز روونکردنەوەیەکی گرنگ بلاو دەکاتەوە <http://www.rudaw.net/sorani/business/011220153>، سەردانکراوە لە: ٢/١٠/٢٠١٨.

(4) Dana Gas, Disclosure < http://www.danagas.com/en-us/media-center/press-releases/press-release-details?ID=111> accessed 1 September 2018.

قەرەبووی هەرێم دەرچوو لە بەرامبەر تێچووەکان و کاروباری دادگا لە مانگی ١ی ٢٠١٥. دواتر داناگاز وهاوبەشەکانی جاریکی تر هەمان داوایان ئاراستەی دادگای بازرگانی ئینگلەند کرد و دادگاکەش لە دانیشتنەکانی ٢٨تا٢٠١٥/١٠/٣٠، دوا جار بریاری دا بریاری ناوبژیوانی دادگای لەندەنی ٢٠١٤/١٠/١٧ کە بریار دان بوو لە سەر خەرجیەکانی کاتی بۆپشتیوانی دارایی داناگاز و هاوبەشەکانی و هیچ کاریگەری نابێت لەسەر درێژە پێدانی پرۆسەی ناوبژیوانی .هەروەها بەیاننامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای قەرەبووکردنەوەی تۆمار کردووە بەبری ٣ملیارد دۆلار (هەرچەندە داناگاز ئەوەی رەت کردووتەوە) بەلام تا رادەیەك دادگای ناوبژیوانی باوەری بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و بریاری داوە لە سالی ٢٠١٦ سەیری ئەم داوایەی بکرێت(١).

دوای تێپەربوونی حەوت رۆژ لە بەیاننامەکەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان، داناگاز لە ٢٠١٥/١١/٢٩ بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تیایدا هاتووە، دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی لە ٢٠١٥/١١/٢٧ بریاری دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بری ١،٩٨١،٩٥١،٣٢٢ ملیارد دۆلاری ئەمریکی لە ماوەی ٢٨ رۆژدا بداتە داناگاز و هاوبەشەکانی بۆ پارەی خەرج نەکراوی وەسلەکانی کەلەکە بووی لە ٢٠١٥/٦/٣٠ بەو رێگای کە دادگاکە دەی خملێنێ ،و هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەم بریارە بریاری کوتایی یە و نێودەولەتیەن شیاوی جێبەجێ کردنە و راناوستێتە سەر هیچ داویەکی تر(٢).

لە هەمان بەیانی دانا گازدا هاتووە کە ئەو بریارە تەواوکەری ئەو دادگایەیە کە لە ٢٠١٥/٦/٢٠ دا پەسەندی ئەوەی کردووە کە کۆمپانیاکان مافیان هەیە پەرە بە گاز و بەرهەمهێنانی گاز و پترۆلیۆم بدەن لە هەر دوو کێلگەی خۆرمور و چەمچەمال، کە بە پێی ووتەی داناگاز ،ئەم مافە لە لایان هەرێمی کوردستانەوە زەوت کراوە لە مانگی ٥ی٢٠٠٩ یەوە کە رێگری دەکات کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی رێك و لە کاتی خۆیاندا ئەم کێلگانە پەرە پێ بدەن هەروەها داناگاز ئاماژەی بەوەش کردبوو کە داوای قەرەبوو کردنەوەی ئەوەش دەکات کە داواکە لە سالی ٢٠١٦ لە دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی سەیر دەکرێت کەبرەکەی ١١ ملیارد دۆلاری ئەمریکی یە لەگەل مانەوەی داوای هەرێمی کوردستان کە ٣ ملیارد دۆلارە(٣).

لەدوای تێپەربوونی یەك رۆژ لە بەیاننامەی ئاماژە پێکراو واتا لە ٣٠ /٢٠١٥/١١، دانا گاز بەیاننامەیەکی تری دەرکرد کە ئاماژەی بەوە کردووە کە داناگاز گەیشتە چارەسەر لەگەل حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەر پاراستنی رێساکانی نەهێنی ناوبژیوانی هیچ وردەکاری نادەن. و هەروەها داناگاز و هاوبەشەکانی پێکەوە کار دەکەن لەگەل حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی کێلگەکانی خۆرمۆر و چەمچەمال لە بەرژەوەندی خەلکی کوردستان و عیراق(٤).

بەلام کێشەکە هەر بەردەوام بوو وحکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی تری دەرکرد و ئاماژەی بەوە دا کە دەیەویت راستکردنەوە بۆ ئەو بەیانە ناراست و هەلەیەی داناگاز بکات کە لە ٢٠١٥/١٢/٨ دەرکراوە سەبارەت بە دادگای لەندەن بۆناوبژیوانی نێودەولەتی.ئەوەی روون کردووتەوە کە ناوبژیوانی نهێنیە و پاراستنی ئەو نهێنیە ئەرکە بە پێیّ یاساکانی بەرکار و رێساکانی ناوبژیوانی.بە بێ چاوپۆشی لە ئەرکی نهێنیاتی،حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەمانەی خوارەوە بۆ رای گشتی راست بکاتەوە :

١. دانا گاز هیچ داواکاریەکی داواکردنی زیانی بەبری ١١ ملیارد دۆلاری باس نەکردووە لەو ناوبژیوانیە.ئەمە خەیالە و بە پێچەوانەوە کە هەرێمی کوردستان داوای بە بری ٣ ملیارد دۆلار ئەمریکی هەیە کە پشتگیری لیّ کراوە لە ناوبژیوانی.
٢. بە تەواوتی انکاری ئەوە دەکەین کە رێگری لە داناگاز کرابێت.
٣. داناگاز هەلەیە،کە بلێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تأخیری پەرەپێدان دەکات لەو کێلگانە.حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات دەخوازێت پرۆسەکانی نەوت و گاز زیاتر پەرە بسەنێت. و بە بروای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە داناگازە کە رێگری دەکات لە پەرە پێدانی زیاتر و بۆیتە هۆی زەرەریکی بەرچاوە بو هەریم سەرەرای ئەو زەرەرانەی کە بە هۆی داناگازەوە توش بووە.
٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان تحملی زەرەرێکی بەرچاوی کردووە بە هۆی جێبەجی نەکردنی ئەرکەکانی داناگاز و هاوبەشەکانی.

(1) KRG, Kurdistan Regional Government Statement regarding English Court Decision <http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/511-kurdistan-regional-government-statement-regarding-english-court-decision>, accessed 4 September 2018.

(٢) رووداو، کۆمپانیای دانا گاز: دادگا لە بەرژەوەندی ئێمە بڕیاریدا <http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=175333>، سەردانکراوة لة: ٢٠١٧/١١/٤

(3) Dana Gas, Disclosure on the LCIA Second Final Order, <http://www.danagas.com/en-us/media-center/press-releases/press-release-details?ID=211> accessed 3 September 2018.

(٤) گولان، دانا گاز روونکردنەوەیەکی گرنگ بلاودەکاتەوە <http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id=27213&section=1>، سەردانکراوە لە: ٢٠١٨/١٠/٤.

له کۆتایی بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو توانایەکەوە بە دوای داواکارییەکانیدا دەچێت بۆ ئەو زەرەر و زیانانەی کە پێ کەوتووە بە هۆی دانا گازو هاوبەشەکانی[(١)].

لە بەیاننامەکەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا هاتووە کە کە ناوبژیوانی نهێنیە و پاراستنی ئەو نهێنیە ئەرکە بە پێی یاساکانی بەرکار و ڕێساکانی ناوبژیوانی و هەروەها زۆرێك لە شارەزایان ئە رەخنەیان ئاراستەی داناگاز کردووە کە ناکرێت نهێنی ناوبژیوانی ئاشکرا بکات چونکە داناگاز ناوە ناوە بەیاننامەی بلاودەکردەوە و بریارەکانی ناوبژیوانی ئاشکرا دەکرد. بەلام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئاشکرا کردنەکانی داناگاز یاسایین و دژی ڕێسا و یاساکانی ناوبژیوانی نین لەبەر ئەوەی لە ڕێساکانی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی نێودەولەتی ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە کە لایەنەکان پابەندن بە پرەنسیپە گشتییەکان بۆپاراستنی نهێنایەتی هەموو بریارەکانی ناوبژیوانی و پرۆسەکانی و هەموو بەلگەکان کە لایەنەکان پێشکەش دەکەن، بێجگە لەو حالەتانەی کە لەوانەیە ئاشکرا کردن لە یەکێك لە لایەنەکان داوا بکرێت بە پێی ئەرکێکی یاسایی بۆ پاراستن یان داواکردنی مافێکی یاسایی، یان بۆ جێبەجێ کردن و تانە گرتن لە بریارێك لە پرۆسەیەکی یاسایی لەبەردەم دادگایەکی ولات یان دەسەلاتێکی تری یاسایی[(٢)]. دانا گاز پالپشت بە مادده ٣٣ ی یاسای بورسەی ابوظنی بۆ شفافیەت و ئاشکرایی پابەند کراوە کە بریارەکان ئاشکرا بکات بۆیە ئاشکراکردنەکانی یاسایین و هەرێمی کوردستانیش پێویستە بیر لە دانانی ئامرازێکی هاوشێوە بکاتەوە تاکو لە کاتی پێویست پشتی پێ ببەستیت.

هەروەها بە پێی راپۆرتێکی کۆمپانیای دانا گاز کە لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٨ دەرچووە، ناوبژیوانی لە بەرواری ٢٠١٧/٢/١٣ بریاری داوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بری ١٢١,٠٩٥,٢٨٢ دۆلاری ئەمریکی بدات بە داواکاران بەرام بەقەرد و تێچووەکانیان لە نێوان بەرواری ٢٠١٥/٦/٣٠ تا ٢٠١٦/٣/٣١ و لەگەل چەندین بریاری ترلە بەرژەوەندی داواکاران[(٣)]. لە ١٤/ ٢/ ٢٠١٧ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیانامەیەکی تری دەرکردووە کە تیایدا هاتووە: ناوبژیوانی داوای داواکارەکانی پەسەند نەکرد بە بری ١,٧ بیلیون دولار و ناوبژیوانی دیاری کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان شایەنی هەموو گازەکانی برهەم هاتووە لە خۆمور بە بێ تێچووی زیادە و داواکارەکان حەقیان نیە تاك لایەنە داوای پارەی زیادە لە هەرێمی کوردستان بکەن  بۆ ئەم گازە. ناوبژیوانی داوای داناگاز و کرێسێنتی رەتکردەوە کە گوایە بری ٣,٣ بیلیۆن دۆلاری ئەمریکیان لەدەست داوە هەروەها داوایەکی تریشی رەد کردەوە کە گوایە داناگاز دەتوانیت ٢٤ ملیون دۆلاری ئەمریکی لە پێناو زەرەرمەندی لە هەرێمی کوردستان وەربگریتەوە پەسەند نەکرد[(٤)].

کەواتە دیارە کە دانا گاز و هاوبەشەکانی  کەوتوونەتە ناکۆکی لەگەل هەرێمی کوردستان و لە ساڵی ٢٠١٣یەوە چوویتە بەردەم دادگای لەندەن بۆناوبژیوانی نێودەولەتی، دادگای لەندەن چەندین بریاری لەسەر  بابەتەکەی دەرکردووە و هەردوو لایەنی ناکۆکیش بەردەوام بەیاننامەی دژ یەك دەردەکەن.

## تەوەرەی سێیەم

## ڕێکەوتنی داناگاز و هاوبەشەکانی لە گەل حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چارەسەر کردنی ناکۆکی نێوانیان

دوای ناکۆکی چەندین ساڵەی نێوانیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل دانا گاز و هاوبەشەکانی لە ٢٠١٧/٨/٣٠ گەیشتنە ڕێکەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان. ئەم ڕێکەوتنە ناکۆکیە چەندین ساڵانەکەی وەلانا و بووە هۆی نەمانی داواکارییەکانی هەردوو لایەن ناوبژیوانی نێودەولەتی و کرانەوەی لاپەرەیەکی نوێ لە نێوان لایەنەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە کە لەگەل دانا گاز و هاوبەشەکانی گەیشتووتە ڕێکەوتن سەبارەت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە کە لایەنەکان دولایەنە رازی بوون لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان بە شێوەیەکی تەواو و کۆتایی بە هەلوەشاندنەوەی ناوبژیوانی و پرۆسەکانی دادگایی پەیوەندی دار بە ناوبژیوانی، و وازهێنان لەهەموو داواکارییەکانی نێوانیان لەوانەش: ئەو زیانەی کە داوا کراوە لە لایان کۆمپانیایەکان لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، جێبەجێ کردنی میکانیزمێك بۆچارەسەرکردنی ٢,٢٣٩ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کە بریاری ناوبژیوانی لەسەردەرچوو بوو، و لەگەل دەستبەجێ  کارکردن و زیاتر پەرەپێدان بە  کێلگەکانی ناوچەکانی گرێبەست بۆ بەرژەوەندی هەردوو لایەن وبەرژەوەندی خەلکی کوردستان و هەموو عێراق.

(1) KRG, KRG corrects misleading statements by Dana Gas <http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=12&a=54011> accessed 7 September 2018.
(2) LCIA Arbitration Rules 2014, Art 30, para 1.
(3) Dana Gas, Dana Gas PJSC Report of the Directors, loc. cit.
(4) KRG, Statement Regarding Dana Gas - Third Partial Final Award dated 30 January 2017 < http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/585-statement-regarding-dana-gas-third-partial-final-award-dated-30-january-2017> accessed  26 October 2018.

لە گرنگترین خاڵەکانی ڕێکەوتننامە بریتین لەمانەی خوارەوە[1]:

یەکەم: حکومەتی کوردستان دەستبەجێ بری ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەدات بە دانا گاز و هاوبەشەکانی و دەستبەجێ ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی تر دەدات پێیان بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر لە کوردستان ئەنجام بدەن سەبارەت بە پەرەپێدانی زیاتر و بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان.

دووەم: کۆمپانیایەکان، بەرهەمهێنانی گاز زیاد دەکەن لە خۆرمول بۆ ٥٠٠ ملیۆن پێ چوارگۆشە لە گاز لە ڕۆژێکدا کە دەکاتە ١٦٠٪ی ئاستی ئێستای.

سێیەم: ئە برە پارەی کە ناوبژیوانی بریاری لەسەر دابوو بە بری ١,٢٣٩ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، چیتر قەردێك نیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەکو خەرجیەکانی گەراوەی پلە بەرز وەردەگیرێتەوە لە لایان کۆمپانیایەکان لە داهاتەکانی ئایندەی ناوچەکانی گرێبەست.

چوارەم: لە دوای گەرانەوەی خەرجییەکان، ٧٨٪ ی داهاتەکانی ناوچەکانی گرێبەست بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و ٢٢٪بۆ کۆمپانیایەکان دەبێت.

پێنجەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بری ٥٠٪ ی گازی بەرهەم هاتوو بە پێی ڕێککەوتن دەکرێت بۆ پێدانی یارمەتی گاز بە ناوەندەکانی بەرهەمهێنەری وزە لە هەرێمی کوردستان. ٥٠٪ی تر لە لایان کۆمپانیایەکانەوە دەفرۆشرێت لەناو عێراقدا یان دەنێردرێتە دەرەوە یان دەکرێت بفرۆشرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها بۆ زیاتر یارمەتی دانی بەرهەمهێنانی وزە لە عێراقدا.

شەشەم: کۆمپانیایەکان راهێنانی خۆجی یی و پرۆگرامەکانی کرێکارەکانی فراوان دەکات و هەروەها پشتگیری ئەنجومەنە خۆخیٚ یی دەکات لە ڕێگای ئەنجامدانی پرۆگرامەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی.

حەوتەم: لایەنەکان هەلستان بە هەموارکردنەوە و روونکردنەوەی زمانی گرێبەست و بەندەکانی، لەوانەش درێژکردنەوەی ماوەی گرێبەست تا ساڵی ٢٠٤٩ز.

هەشتەم: هەردوو لایەن بە تەواوی وازیان لە پرۆسەکانی ناوبژیوانی هێنا.

## کۆتایی

لە دوای کۆتای هاتنی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەولەتیەکانی نەوت و گاز: کەیسی دانا گاز و هاوبەشەکانی وەك نموونە) گەیشتین بە کۆمەڵێك دەرئەنجام و پێشنیارێك بەم شێوەی خوارەوە:

### یەکەم: دەرئەنجام

١. ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت و گاز دەکرێت لە جۆری جیاوازدا دەربکەون لەوانەش ناکۆکیەکانی دەولەت بەرامبەر دەولەت، ناکۆکیەکانی کۆمپانیا بەرامبەر دەولەت، ناکۆکیەکانی کۆمپانیا بەرامبەر کۆمپانیا و ناکۆکیەکانی تاکەکان بەرامبەر کۆمپانیا.

٢. ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کەرتی نەوت و گاز بریتین لە گفتوگۆکردن، نێوانگیری، دیاری کردنی شارەزا، بەرزکردنەوەی داوا لە دادگا و باوترین و گونجاوترینیشیان ناوبژیوانیە. هەر یەك لەم ڕێگایانە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە.

٣. یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستانی–عیراق ژمارە ٢٢ ی سالی ٢٠٠٧ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لە چەند ماددەیەك ڕێك خستووە، لە هەندێك باردا ڕێگای بە وەزیری سامانە سروشتییەکان داوە کە چارەسەری ناکۆکییەکان بکات بەلام لە کاتی دروست بوونی کێشە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیایەکانی نەوت و گاز، ڕێگای داوە بە لایەنەکان کە چارەسەری ناکۆکییەکەیان بکەن لە ڕێگای گفتوگۆ و ناوبژیوانی.

٤. گرێبەستەکانی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان لە بەندێك بە ناوی بەندی ناوبژیوانی و دیاری کردنی شارەزا، ڕێگەی بە لایەنەکانی ناکۆکی کە بە چەند قۆناغێکی یەك لە دوای یەك ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن ئەوانیش بریتین لە گفتوگۆکردن، نێوانگیری و دواتر ناوبژیوانی کە ماوەکانی هەر قۆناغێکیشی دیاری کردووە. سەرەرای ئەمانە لە هەندێك باری دیاری کراودا لایەنەکانی پابەند کردووە کە پەنا ببەنە بەر دیاری کردنی کەسی شارەزا، ئەمەش سەرەرای هەبوونی تێبینی لەسەر ئەوەی کە هەندێك لەم ڕێگایانە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ئاماژە پێنەدراون.

(1) KRG, KRG and Pearl Consortium Reach Full and Final Settlement <http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/594-joint-press-release-krg-and-pearl-consortium-reach-full-and-final-settlement> accessed 26 October 2018.

٥. بە پێی گرێبەستەکانی هەرێم، شوێنی دانیشتنی ناوبژیوانی لە لەندەن دەبێت و یاسای پێویست بۆ جێبەجێ کردن یاسای ئینگلەندە و هەروەها ناوبژیوانیش بە زمانی ئینگلیزی بەڕیوەدەچێت، کە بە بەراورد لەگەل گرێبەستی ولاتانی تر دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەمانە خالی نەرێنین و پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

٦. ناکۆکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانیای داناگاز و هاوبەشەکانی بە پێی بەیاننامەکانی دژیەکی هەردوو لایەن بریتی بوون پەرە پێنەدان بە کێلگەکانی ناوچەکانی گرێبەست و بەرزنەکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە لایان کۆمپانیای داناگاز و هاوبەشەکانی، نەدانی قەرز و تێچووە کەلەکەبووەکانی کۆمپانیای داناگاز و هاوبەشەکانی و رێگری کردن لە پەرەپێدانی کێلگەکان لە لایان حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧. ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەل کۆمپانیای داناگاز و هاوبەشەکانی رەوانەی دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانی کرا و چەندین بریار لەسەرهەردوو لایان دەرچوون و ناکۆکییەکە بەردەوام بوو بەلام لە سالی ٢٠١٧ بە پێی رێککەوتننامەیەك هەردوو لایەن کۆتاییان بەناکۆکی چەندین سالەی خۆیان هێنا و لەسەرچەندین خالی گرنگ رێکەوتن و گرێبەستی نێوانیشیان تا سالی ٢٠٤٩ز درێژ کردەوە.

**دووەم: پێشنیارات:**

١. پەرلەمانی کوردستان گرنگی زیاتر بە رێگاکان و رێکارەکانی یاسایی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نیوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کومپانیاکانی نەوت و گاز بدات ئەمەش لە رێگای هەموار کردنی یاسای نەوت و گازەوە، کە:

أ. قۆناغەکانی نێوانگیری و دیاری کردنی شارەزا لە گرێبەستەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەکار هاتوون بەلام لە برگەی دووەمی مادده ٥٠ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ نەکراوە بەلکو ئەم برگەیە تەنها باسی گفتوگۆکردن و ناوبژیوانی دەکات. بۆیە ئەم قۆناغانەش کە لە هەندێك باری تایبەتدا گرنگ و پێویستن، واباشترە لە یاسایەکەشدا جێگیر بکرێن.

ب. مادده ٥٠ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان باس لە یاسا و رێساکانی هەرێمی کوردستان ناکات وەکو رێسایەك تاوەکو لایەنەکان لەسەری رێك بکەون بۆ ئەوەی ناوبژیوانیان لەسەر ئەنجام بدرێت، یاساکە تەنها ئاماژەی بە کۆمەلێك رێسای نێودەولەتی تر داوە، بۆیە پێشنیار دەکرێت کە ئەم خالە لە یاساکەدا جێگیر بکرێت.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکات بۆ باشتر کردنی گرێبەستەکانی نەوت و گازی، و ئەو بەندەی کە باس لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و یاسای جێبەجێکار لەسەر ناکۆکیەکان دەکات زیاتر گرنگی پێ بدرێت تاوەکو لەبەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێت، کە:

أ. لە کاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی بەندی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەناو گرێبەستەکاندا، پێویستە زۆر بە ووری و گرنگیەوە بەندەکە ئامادە بکرێت لە لایان کەسانی شارەزا و پسپۆرەوە.

ب. لە رووی ناوهێنانیەوە، ئەو بەندە هەلەیە کە ناونراوە بە بەندی ناوبژیوانی و دیاری کردنی شارەزا چونکە لە راستیدا چەند قۆناغەکی تریش لەخۆدەگرێت کە ئەوانیش گفتوگۆکردن و نێوانگیرین بۆیە واباشترە کە ناوی لێ بنرێت بەندی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

ج. لە هیچ یەك لە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەگەل کۆمپانیاکانی نێودەولەتی نەوت و گاز ئەنجامی داوە، باس لە یاساکانی هەرێم وەك یاسای پێویست بۆ جێبەجێ کردن و هەرێمی کوردستانیش وەك شوێنی دانیشتنی ناوبژیوانی نەکراوە، کە ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی جددی هەیە.

٣. وەزارەتی خوێندنی بالا وتوێژینەوەی زانستی کار بکات بۆ هاندانی کادیرانی ئەکادیمی تاوەکو توێژینەوە ئەنجام بدەن بۆ باشترکردن و بەرەوپێش بردنی گرێبەستەکانی و هەروەها کار بکات بۆ ئامادەکردنی کەسی پسپۆر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بە شێوەیەکی گونجاو. هەروەها گرنگی بە خوێندن یاسا و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە گرێبەستە نەوت و گازیەکان بدرێت بە تایبەتی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەو بوارەدا.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

### وێبسایتە ئەلیکترونیەکان:

حەکیم داود، دانە گاز روونکردنەوەیەکی گرنگ بلاو دەکاتەوە <http://www.rudaw.net/sorani/business/011220153>، سەردانکراوە لە: ٢٠١٨/١٠/٢.

رووداو، کۆمپانیای دانا گاز: دادگا لە بەرژەوەندی ئێمە بڕیاریدا <http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=175333>، سەردانکراوە لە: ٢٠١٨/١٠/٤.

گولان، دانا گاز روونکردنەوەیەکی گرنگ بلاًودەکاتەوە <http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id=27213&section=1>، سەردانکراوە لە: ٢٠١٨/١٠/٤.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**کتێبەکان و فەرهەنگی زمانەوانی:**

أحمد أبو الوفا، التحكيم الاختياري والإجباري، منشأة المعارف بالإسكندرية، الطبعة الخامسة، ١٩٨٧.

أحمد السيد صاوي، التحكيم طبقاً للقانون رقم ٢٧ لسنة ١٩٩٤ وأنظمة التحكيم الدولية، المؤسسة الفنية للطباعة ) والنشر، الطبعة الثانية ٢٠٠٤.

بشار عدنان ملكاوي، معجم تعريف مصطلحات القانون الخاص، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر، الأردن، عمان، ٢٠٠٨م.

جيرار كورنو: معجم المصطلحات القانونية، ترجمة منصور القاضي، الطبعة الثانية، لبنان، بيروت، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، ٢٠٠٩م.

## English Sources:

### Books and Dictionaries:

Black, H C, *Black's Law Dictionary* (4th edn West Publishing Company, 1968).

Blackwell, A H, *The Essential Law Dictionary* (1st edn Sphinx Publishing, An imprint of sourcebooks, Inc., United States 2008) .

Moses, M L, *The Principles and Practices of International Commercial Arbitration,* (2nd edn, Cambridge: Cambridge University Press, 2012).

Ross, M, 'Dispute Management and Resolution' in Gordon and Paterson (eds), *Oil and Gas Law-Current Practice and Emerging Trends* (Dundee University Press, 2011).

### Journal Articles:

Alramahi, M, 'Dispute Resolution in Oil and Gas Contracts' (2011) 3International Energy Law Review, 78-85.

Contini,P, 'International Commercial Arbitration: The United Nations Convention on the Recognition and Enforcement of Foreign Arbitral Awards' (1959) 8 (3) The American Journal of Comparative Law.

Luki, B N and Abubakar, N J, ' Dispute Settlement in the Oil and Gas Industry: Why is International Arbitration Important?' (2016) 6 (4) Journal of Energy Technologies and Policy, 30-38.

Martin, A T, 'Dispute resolution in the international energy sector: an overview' (2011) 4 (4) Journal of World Energy Law and Business 332-368.

**Ph.D Thesis:**

Al-Bidery, S A, Modernising Iraq: A Vision for a Comprehensive Petroleum Arbitration Regime in Iraq, Ph.D Thesis (the University of Bangor, School of Law 2014).

**Electronic Resources:**

Dana Gas, Dana Gas PJSC Report of the Directors <http://www.danagas.com/ar-ae/Investors/Dana%20Gas%20PJSC%20-%20Report%20of%20the%20Directors%202016%20%28English%29.pdf> accessed 26 October 2018.

Dana Gas, Disclosure < http://www.danagas.com/en-us/media-center/press-releases/press-release-details?ID=111> accessed 1 September 2018.

Dana Gas, Disclosure on the LCIA Second Final Order, <http://www.danagas.com/en-us/media-center/press-releases/press-release-details?ID=211> accessed 3 September 2018.

Dana Gas, Kurdistan Region of Iraq <http://www.danagas.com/en-us/operations/iraq> accessed 1 September 2018.
English Oxford Living Dictionaries, 'dispute' <https://en.oxforddictionaries.com/definition/dispute> accessed 22 October 2018.
KRG, KRG and Pearl Consortium Reach Full and Final Settlement <http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/594-joint-press-release-krg-and-pearl-consortium-reach-full-and-final-settlement> accessed 26 October 2018.
KRG, KRG corrects misleading statements by Dana Gas <http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=12&a=54011> accessed 7 September 2018.
KRG, Kurdistan Regional Government Statement regarding English Court Decision < http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/511-kurdistan-regional-government-statement-regarding-english-court-decision>, accessed 4 September 2018.
KRG, Statement Regarding Dana Gas - Third Partial Final Award dated 30 January 2017 < http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/585-statement-regarding-dana-gas-third-partial-final-award-dated-30-january-2017> accessed 26 October 2018.
Latham & Watkins, 'Guide to International Arbitration' (Latham & Watkins LLP 2015) <https://www.lw.com/.../guide-to-international-arbitration> accessed 25 October 2018.
Mavrommatis Palestine Concessions (Greece v. Great Britain), Judgment of 30 August 1924, 1924 PCIJ (Ser. A) No. 2, at 11, quoted in C Schreuer, What is a Legal Dispute? < http://www.univie.ac.at/intlaw/wordpress/pdf/95.pdf> accessed 22 October 2018.
McManus, L C, 'Mediation in Oil and Gas Law Disputes' <https://www.lexisnexis.com/legalnewsroom/energy/b/oil-gas-energy/archive/2013/09/12/mediation-in-oil-and-gas-law-disputes.aspx> accessed 22 October 2018.
Pryles, M, "Limits of Party Autonomy in Arbitral Procedure" <http://www.arbitration-icca.org/media/0/12223895489410/limits_to_party_autonomy_in_international_commercial_arbitration.pdf > accessed 25 October 2018.
Rajora,V, 'Confidentiality in Arbitration' < http://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=1572221 > accessed 25 October 2018.
The International Court of Justice quoted in C Schreuer, What is a Legal Dispute? < http://www.univie.ac.at/intlaw/wordpress/pdf/95.pdf> accessed 22 October 2018.
Waqas, M, Dispute Resolution in Oil and Gas < http://www.ogfj.com/articles/print/volume-12/issue-1/features/dispute-resolution-in-oil-and-gas.html> accessed 22 October 2018.

## Table of Contracts:

The EPSC for sanduqli Block between the Ministry of Mines & Petroleum of the Government of the Islamic Republic of Afghanistan and Dragon Oil Limited and TP Afghanistan Limited and Ghazanfar Investment Ltd, 2013.
The Government of India Model PSC.
The Kurdistan PSC for Tawke Block between The Kurdistan Regional Government of Iraq and DNO Iraq As 2008.
The PSC for Moattamr Area between Myanma Oil and Gas Enterprise and Total Myanmar Exploration and Production 1992.
The Republic of Kenya Model PSC.
گرێبەستی نموونەیی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان.
گرێبەستی نموونەیی نوێی بەشداری کردن لە بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان.

## Table of Cases:

Pearl Petroleum CompanyLimited and Dana Gas PJSC and Crescent Petroleum Company International Limited VS The Kurdistan Regional Government of Iraq: [2015] EWHC 3361 (Comm)

یاساکان و ڕێکەوتننامە نێودەولەتییەکان:

یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧.

یاسای دادبینی شارستانی عێراقی ژمارە (٨٣)ی ساڵی١٩٦٩.

قانون التحكيم المصري رقم (٢٧ ) لسنه ١٩٩٤.

The United Nations Convention on Recognition and Enforcement of Foreign Arbitral Awards (The New York Convention) (1958).

LCIA Arbitration Rules 2014.


## Abstract

International oil and gas companies continuously try to sign contracts especially with countries that are wealthy in petroleum resources. Kurdistan Region of Iraq is one of the wealthy example in oil and gas area; several international oil and gas companies have invested in it. Petroleum contracts are known for their longevity, some may last more than 30 years and some other contracts have been signed for more than 60 -70 years. Undoubtedly, in this extensive period, one should assume occurrences of varying disputes and thinking of their resolutions; hence, the need for methods and implementations that are ought to be placed in the contracts appropriately.

Therefore, the main aim of this study is to identify the best method (form) to resolve disputes relating to oil and gas sector. Furthermore, to highlight complications and negative provisions of the Kurdistan oil and gas Law and contracts concerning dispute resolution and drafting a complete and proper clause for dispute resolution in petroleum contracts. Despite confidentiality of arbitration procedure, another aim of the study is to clarify the details of dispute between Kurdistan Region of Iraq and Pearl Petroleum Company Limited (Dana Gas and Crescent Petroleum), as well as clarifying the solved dispute that it may be beneficial for future arising disputes.

Throughout this study, it has tried to answer a number of questions which are:

1. What are the methods (form) of dispute resolution for oil and gas sector? Which one is the most preferred and most prevalent method?
2. How can draft a proper dispute resolution clause in oil and gas contracts?
3. How do Kurdistan oil and gas Law and contracts regulate dispute resolution? What are the main complications and negative provisions of them?
4. What the dispute between Kurdistan Region of Iraq and Pearl Petroleum Company Limited was about? How did they resolve the case?


Key Words: Kurdistan Region of Iraq, the Kurdistan Oil and Gas Law, The Kurdistan Regional Government Model Production Sharing Contract, Dana Gas and Crescent Petroleum, Dispute Resolution, Arbitration.